

مەلا بەختیار
بەشی چوارەم

مەترسیەکانی ململانێی داهاتوو لە راپۆرتی ئەمینداری یەکگرتوو

پێشکەشە بە رابەرانی رچەشکێنی راپەڕینی میسر.. وائیل غەنیم و خالید سەعید

رۆژانی (١-٢٠١٢/٥/٤) یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، شەشەمین کۆنگرەی بەست، شێوازە بەڕێوەبردن و پەخشکردنی راستەوخۆی دانیشتەکانی رۆژانی کۆنگرە، لەسایەی شەفافیەتەکەیدا خەڵکانێکی زۆر فریودا، لەناویاند تەنانەت ئەندامانی سەرکردایەتی حزبە سیاسیەکان، بەیەکێتی نیشتمانی کوردستانیشەوە، بەبێ ئەوەی ئەم کەسانە، یان میدیا، یاخود نوسەر و تۆێژەران، هەروا هێزە سیاسییە دیموکرات و چەپ و سکولارەکان، ناوەڕۆکی کۆنگرەکە، بڕیارە پەسەندکراوەکانی زاڵبوونی ڕەوتی خۆپارێزی ناو یەکگرتوو، بەڵکو هارینی ڕەوتی ریفۆرمخوازی ناویان، لەڕاپۆرتی ئەمینداری گشتی یەکگرتووەوە، هەتا دوا بڕیار و بڕگەکانی کۆنگرەکە، هەڵبسەنگێنین و سەرەنجامێکی بابەتی، لەم سەردەمەی جیهانگیری و دیموکراسیدا، لەم هەلومەرجە جۆشخۆاردوەی گەلانی ڕۆژهەڵاتدا، لەبۆتەی هاوکێشە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا، لەبەرچاو بگرن، ئینجا حوکم لەسەر ئەوە بدەن کەئایا:

ئەو شێوازەی بەڕێوەبردن شەشەمین کۆنگرەی یەکگرتوو، بەچ ناوەڕۆکێکی مەترسیدار، ئەندێشەی ئیسلامگەری و دوژمنایەتی دیموکراسی و سکولاریزم (عەلمانیەت) یان داپۆشیبوو.

هەر ئەم رانەمان و قوڵنەبوونەوەیە، وای لە من کردووە، باشتر لەجاران بۆم ساغبێتەوە کەئاستی ڕەخنەی زانستی، وەکو ئەرکێکی سیاسی و مەعریفی و ڕوناکبیریی، لەکوردستاندا نزمە.

بێگومان ڕەخنەی باشیش دەخوێنینەوە، بەڵام ڕەخنە وەکو ئەرکێکی بوونیاتنەر و مەعریفی قوڵ، لەناو پرۆسەی سیاسی و کلتوری فەلسەفیدا، نەگەیشتوەتە ئاستی پرۆسەی سیاسی، ڕوناکبیری و لۆژیکی سەردەم، هەروا ئەرکەکانی بوونیاتنانی دیموکراسی و ئازادی و مەدەنیەت، زۆربەی ئەم سیاسی و ڕوناکبیرانە، وردی ئەوە نەبوون، کەئەو نەتەوانەی لەگەشەکردنی سروشتی و شۆڕشی پیشەسازی و ڕۆشنگەری و چاکسازی ئاینی بێبەشکراون، ئەرکیانەخەباتی دیموکراسی بەفراوانی دژی سەلەفیگەرا، بەهەموو ڕەهەند و چەمکێکییەوە، بکەن ئەمەش گەورەترین هەڵەی سیاسی و فکرییە لەم قۆناغەی گوزەری دیموکراسیدا، ئەگەر بێتو چارەسەرنەکرێ و پرۆژەی فراوانی ڕاپەڕاندنی ئەرکە ڕوناکبیری و فەلسەفیەکانی دیموکراسی، گەڵاڵە و جێبەجێ نەکرێ، بەدڵنیاییەوە ئەزمونە دیموکراتییەکەی کوردستانیش بەدەردەی ئەزمونە شکستخواردوەکانی ڕۆژهەڵات دەچێ.

لەم هەڵسەنگانەدا، هەوڵدەدەین ڕاپۆرتی بەڕێز (سەڵاحەدین بەهادین) ئەمینداری گشتی، شەن و کەو بکەین، بەهیواین پەیرە و پرۆگرامی شەشەمین کۆنگرەکەش لەلایەن شارەزایانی دیکەوە لێکبدرێتەوە، هەتا بەتەواوەتی لەهەموو ڕوویەکەوە لەمەترسیەکانی بڕیار و بەرنامەی شەشەمین کۆنگرەی هێزێکی وەکو یەکگرتوو لەناو هاوکێشە دیموکراسیەکەدا، وردبینەوە، پێشمانوایە، ئەم هەڵسەنگاندن و ڕەخنە لەیەکگرتنەش، سەرباری پەیوەندییە سیاسیەکان و ئەرکە هاوبەشەکان باشترە لەوەی ناکۆکیەکان خەفەبکەین و بۆچونە جیاوازەکانمان پەنگ بخۆن و لەڕێرەوی ململانێ سیاسیەکاندا بەڕوماندا بتەقنەوە.

***ئەم بابەتەی هەڤاڵ مەلا بەختیار کە تایبەت بە (ئایدیا والا) نوسیویەتی بەشی چوارەمیەتی و لەژمارەکانی داهاتوشدا بەشەکانی تری بڵاودەبێتەوە، دواتریش دەیکەینە کتێبێکی سەربەخۆ.**

لە بەستنی شەشەمین کۆنگرەی یەکگرتووەوە (١-٢٠١٢/٥/٤) هەتا ئێستا، سااڵێك تێدەپەڕێ. لەو ساڵەدا، رووداوگەلێکی خێرای تێکچڕژاو، تێپەڕیون. کاتێك یەکگرتوو کۆنگرەکەی بەست، سەرمەستی سەرکەوتنە یەك لەدوای یەکەکانی هێزە ئیسلامگەراکانی ولێتانی عەرەبی بوو. ئێستا، لەکاتێکدا چواردەمین بەشی وەلێمدانەوەی راپۆرتی ئەمینداری یەکگرتوو دەدەینەوە، رووداوەکان، لە راپەڕین و خەبات لەپێناوی روخاندنی رژێمە دیکتاتۆرەکانەوە، بۆ خزمەت، جێبەجێکردنی دروشم و بەڵێنەکان و هەڵبژاردن و تاقیکردنەوەی هێزە سیاسیەکان، گۆڕدراون.

ئەگەر، لەکاتی نوسینی یەکەمین بەشی ئەم هەڵسەنگاندنەدا، (٢٠١٢/٨/١١) هێشتا نیگەرانی و مشتومڕ لەسەر ڕەهەندی دەسەاڵت گرتنەدەستی هێزە ئیسلامگەراکان، گەرم بوبێ، ئەوا ئێستا، لەبەر ڕۆشنایی دەرکەوتنی راستیەکان و شکستی ئیسلامگەراکان لە میسر، تونس، لیبیاو یەمەن، تەنانەت سوریاش، لە دوا ئەنجامی شەڕو هاوکێشەکاندا، لەبەرامبەر هێزە دیموکراتەکانی سوریا (کورد، مەسیحی، باقی پێکهاتەو هێزە دیموکراتەکان.. تاد) یەکگرتوو، بەشێکی زۆری سیاسەتەکانی بەستۆتەوە بە دۆخی سوریاوە، ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامیش، جگە لە فشاری ڕۆژئاوا دژیان، لەسەر ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامگەرا، هێزەکانیان بە گرتنەبەری سیاسەتی کۆنەپەرستی، ڕویانکردۆتەوە ڕێگە هەڵدێرەکان. ئەگەر خۆیان نەگرنەوەو پاشەکشە لە سەپاندنی ستراتیژی توتالیتاری سەلەفی-ئیسلامگەرایی نەکەن، بێگومان، دوچاری هەڵدێرێکی گەورە دەبن و دەشبنە مایەی زیانێکی مێژوویی گەورەتر، لە بزوتنەوەی ڕاستەقینەی دیموکراسی تازە سەرهەڵداوی ڕۆژهەاڵتیش.

با بزانین لەم بەشەی هەڵسەنگاندنەدا، بەڕێز ئەمینداری یەکگرتوو، تا چەند، لە خۆیان و ڕابونی ئیسلامگەرای ڕۆژهەاڵت، بۆ سەرکەوتنی هەتاهەتاییان، لەگەڵ گەاڵێك مەسەلەی تری سیاسی و فکری و

ئابوری، بەهەڵەچووە!!

(١)

شانازیەکانی یەکگرتوو

ئەمینداری پێشوو، لە درێژەی پیاهەڵدانی یەکگرتووی ئیسلامیدا، لەسەردەمی ئەمینداریەتی خۆیدا، ئاوا باسی شانازیەکانی یەکگرتوو دەکات:

١- سەلامەتە لە دەردودای کێشە دارایی و گەندەڵیە دارایی یەکان.

٢- سەلامەتە لەبواری ناوچەگەری و بنەماڵەچیەتی و تەکەتول بازی و باڵبالێن.

٣- سەلامەتە لەبواری خەفەکردنی ئازادی رادەربڕین و رەخنەو رای جیاوازو لەبواری داخرانی فیکری و فیقهی دا.

٤- سەلامەتە لەبواری سەرگەردانی بیروڕاو پاشاگەردانی فیکری و بێ سەرچاوەیی و عەودالی بێ رێنما «

یەکەم: سەلامەتی گەندەڵی:

جارێ، دەستەواژەی گەندەڵی، لە نیو سەدەی رابوردودا، زۆرتر گرێدراوی حکومەت وسیستەمەکانە، کە سەرەنجامی نەبونی سەروەری یاسا، حکومەتە دیکتاتۆرو مشەخۆرو توتالیتاریەکان (ئیسلامگەرا، ناسیونالیست، نازی، دیکتاتۆریەتی کۆمۆنیستی) بۆئەوەی، لەبەرامبەر ئۆپۆزسیۆندا باڵێدەست بن و خەڵکی لێئالێویان لەدەور بمێنێتەوە، گەندەڵیان بەرهەمهێناوە و بواری گەندەڵیان داوە. لێرەدا، جەخت دەکەمەوە کە بواری گەندەڵیان داوە، بۆ؟

چونکە، گەندەڵی وەکو دیاردەیەکی قێزەون، لەبنەچەدا پەیوەندی بە مرۆڤ و تەماحیەوە هەیە. پەیوەندی بە پەروەردەو خوی خۆپەرستی مرۆڤەوە هەیە. بەرە بەرەش گەندەڵی دەبێتە بەشێکی سیستەمەکان و لەناو سیستەمەکانیشدا، زۆرتر، تووێژی بیروکرات و تەکنۆکرات و گەنەکرات[١]

١. گەنەکرات: گەنەکرات، دەستەواژەیەکە لەم وتارە دامانتاشیووە. بریتیە لە وشەی (گەنە) کە دەنوسێ بە گوان و گەڵی مانگاو چوارپێ و ئاژەڵەوە، خوێنی دەمژێ. ئەم زاراوەیە، ئەو تووێژە دەگرێتەوە کە فەرمانبەرێکی ئاساییەو، دەگرێتەوە. بەڵێم گەندەڵی وەکو دیاردەیەکی گشتی ژیانی حیزبایەتی ناگرێتەوە. بەڵکو دەشێ کەسان و کەسایەتیەکان لەناو حیزبەکاندا، گەندەڵ بن. بەتایبەتی ئەوانەیان کە لەبواری ئابوریدا کاردەکەن، یان بەهۆی حیزبەکانیانەوە، پۆستی حکومەت وەردەگرن.

لەو پێودانگەوە (بەرای ئێمە) پێویستە یەکگرتوو باس لە گەندەڵی و (دەردو داوی دارایی) بکات. بەم پێیەش بێ، ئەگەر یەکگرتوو، مانگانە، سەرچاوە داراییەکانی لە حکومەت یان لە دەرەوەی ولێت، شەفافانە ئاشکرا کردبێ، رادەی داهاتیان، سامانیان، هاوکارییان، کۆمەکی مانگانەیان، ئابونەدانی ئەندام، دۆستان، دەوڵەمەندەکانیان و پرۆژە ئابوریەکانیان. ئەگەر تێکرا ئەو سەرچاوە داراییەیان، مانگانە، یان وەرزانە، با خاتریان بگرین، تەنانەت ئەگەر سالێنەش ئاشکراکردبێ و خستبێتە بەردەم چاودێری دارایی حکومەت، یان رای گشتی، هەنگینێ دەشێ ئەمیندار شانازی بە پاکێتی دارایی یەکگرتوەوە بکات. بەڵێم کە یەکگرتوو، پرۆسەی شەفافیەتی وای نەبوبێ، وا چاکتر بوو ئەمیندار، لباکەی لەسەر داهاتی حیزبەکەی هەڵنەگرێ، هەتا ئەو رۆژەی لیژنەیەکی ئەستۆپاکی حکومەت، یان بێلایەن، تەواوی سەرچاوەکانیان ئاشکرادەکات و ئەویش پشتی پێببەستێ بۆ راپۆرتی شەفافی دارایی یەکگرتوو. ئەوە لەکاتێکداو لەکوردستاندا، یەکگرتوو دەوڵەمەندترین حیزبی ئۆپۆزسیۆنە، خاوەنی چەندین بارەگایە، سەدان کادری هەیە کە خۆیان بۆ ئەم حیزبە تەرخان کردووە، جگە لە کەنالێکی ئاسمانی، چەندین تەلەفزیۆن و رادیۆی لۆکاڵی هەیە، رۆژنامەی رۆژانەو گۆڤارو سایتی هەیە، تا ئێستا سەدان کتێبی چاپکردووەو لەهەموو هەڵبژاردنەکاندا هەڵمەتی خۆی کردووە. کە هەموو ئەمانە سالێنە، چەندین ملیۆن دۆلاری پێویستە. ئەمە جگە لە خودی ئەو کۆنگرەیەش کە ئەمیندار وتاری تیا پێشکەش کردووە. پرسیار ئەوەیە: پارەی ئەم کەنال و بارەگاو

لەشوێنی هەستیاری ئابوری دەوڵەت و کۆمپانیاکاندا، بەنارەوا، سەرەنجامی دزی، یان بەرتیلخواردن، یاخود هەڵەی یاسایی حکومەت و بەرپرسانەوە، یان بە شەریکەبەشی پایەداران، لەماوەیەکی پێوانەییدا، دەوڵەمەند دەبن.

کادرو بلێوکراوەو ئاهەنگ و هەڵمەتی هەڵبژاردنانەتان لەکوێ بوو؟ چۆنتان سەرفکرد؟ لەچیدا سەرفتان کرد؟ کۆی پارەکەش چەندە؟ کە تۆی ئەمیندار، وەڵێمی ئەم پرسیارانە لە کۆنگرەدا نەدەیتەوە، بە چ هەقێك باسی گەندەڵی خەڵکی تر دەکەیت، کە تۆ خۆت نا شەفاف بووی، چۆن باسی پێویستی شەفافیەت لە خەڵکی تر دەکەیت؟ ئەی لە سورەتی (البقرە) لە ئایەتی (٤٤)دا نەهاتووە: (أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ..).

خۆم، هەرگیز باوەڕناکەم، حیزبێك هەبێ، لەم جیهانەدا، سەراپا کەسایەتیەکانی، ئەندامەکانی، کادرە تەرخانکراوەکانی بواری ئابوری (دەردو دای کێشە دارایی و گەندەڵی) نەبێ. بۆئەوەی زۆرتر نەچینە ناو مشتومڕی ئەم دیاردە قێزەونەی ئێستاو مامۆستاو، خوشك و برایانی یەکگرتوش دوچاری تووێژینەوە لە راستی و دروستی ئەم قسانە نەکەین، دەڵێین:

گەندەڵییەك لەسەردەمی خولەفای راشدین هەبوبێ؛ کێشە لەسەر مووڵك و دەسەلێت و سەروەریەکانی پێغەمبەر، لەناوخۆدا، شەڕ، کوشتار، فێڵ، درۆ، پەلاماردان و جنێو، لەسەر دەسەلێت لەنێوان هاوەڵێنی پێغەمبەر، رویدابێت. لەدەرەوەشدا، بۆئەوەی لەشکری ئیسلام لەشکرکێشی (فتوحات!!)، هانی جەنگاوەرەکانی بدا، شەڕی باشتر بکەن تەماحی ئەنفالی (نفل = دەستکەوتی جەنگ) خستبێتە بەردەمیان. واتا: لەسەردەمی پێغەمبەرو دوای ئەوەش نە ئەعراب و نە موشرکین و نە مەوالین، نەدەچونە ریزی لەشکری ئیسلامەوە بۆ مەسەلە روحیەکان کە باوەڕیان پێی نەبووە، بجەنگن، ناچار، بەپێی سورەتی ئەنفال، هاندراون بۆ دەستکەوتی جەنگ، نەك بۆ خواو پێغەمبەر، ئەویش چوار لەسەر پێنجی دەستکەوتەکان ببەن، ئینجا ئەو خەڵکانە، چونە ریزی سوپای ئیسلامەوە. ئەگەر وردتریش سەیری بکەین، لەو لەشکرکێشیانەی بەپێی سورەتی ئەنفال، ئەعراب و موشرکین، راکێشراونەتە ناو لەشکری ئیسلامەوە، زۆرترینی جەنگاوەرەکان، هەر موسڵمانیش نەبون. چونکە لەسەردەمی پێغەمبەردا، ئەعراب و موشرکین، نەك لە دورگەی عەرەبیدا، بەڵکو لەناو قورەیشیشدا، زۆرینە ئەعراب بون. دواتریش، هەروا بووە.

لەشکری عومەری کوڕی خەتاب، لەژێر کاریگەری، کەلتوری ئەنفالدا، کە کەلتورێکی عەرەبی خێڵەکی بەدەوییە، لەشکرەکەی بەزۆری لە ئەعراب و موشرکین پێکەوەنا، ئینجا توانی کوردو فارس، لە جەنگی قادسیەی یەکەمدا، بشکێنی و شەڕی جەلەولا بەرێتەوە. بەمەشدا جوان دەسەلمێ، کە لەشکری هێرشبەری قادسیەو دواتریش، تەماحی دونیا، نەك مەسەلە روحیەکان و خواپەرستی هانیداون ببنە جەنگاوەری سوپای ئیسلام.

لەشەڕدا، بەپێی ئەقڵیەتی ئەنفال، جەنگاوەر بۆی هەبووە چوار لەسەرپێنجی دەستکەوتەکان بەرێت بۆخۆی. نەك هەر دەستکەوتی مادی، بەڵکو ژن و کچ و کوڕیش بکاتە کەنیزەك و غولێم، لە کەلەپورێکی ئاوەهای دەسەلێتداریتیدا، لە میراتێکی ئاوەهای سیستەمی شەرع و یاسادا، کاتێك، نەك هەر موسڵمان، بەڵکو موشریك، مەوالی، ئەعراب و هۆزو خێڵی یاخی لە ئیسلامیش، کەمەرکێشی ناو لەشکرێکی داگیرکەر بکرێ و بەبەناوی ئایینیشەوە، بۆیان حەلاڵ کرابێ دەستکەوتی مادی و گیانیی هەڵبگرن، ئاخر چۆن دەشێ، لەناو لەشکرێکی وادا، لەناو سیستەمێکی ئاوەای سەپێنراو لەلایەن سەرکەوتوەوە، گەندەڵی و جەردەیی و زوڵمی لاقەکردنی کچانیش نەبوبێ؟ تەنانەت لەناو ئەسحابەو یارانی پێغەمبەرو خولەفای راشدینیش. دەستکەوتی ئەنفال حەڵێڵ کراوە.

ئاخر بە چ لۆژیکێکی ئابوری، سیاسی، کۆمەڵێیەتی و سایکۆلۆژی مرۆڤ، ئەمیندار دەتوانێ هەموو ئەو راستیانەی مێژوو، بەدرێژایی (١٤٠٠) ساڵ، کە هیچ خەلیفەیەك، خەلافەتێك، قەڵمڕەوێك، سیستەمێکی ئیسلامی، نەیانتوانیبێ، ڕەگوریشەی (دەردوای کێشە دارایی و گەندەڵی) هەڵبکێشن، ئێستا ئەم بەرێزە، هەروا بەسانایی، لە گۆنگرەیەکدا، دوای (١٨) ساڵ لە دامەزراندنی یەکگرتوو، بەوشێوە ڕەهایە قسە لە پاکێتی حیزبەکەی و هەڤاڵ و لایەنگرانی دەکات. تۆ بڵێی: ئەمیندار لە خولەفا، لە قەڵمڕەوە ئیسلامیەکان، لە دەسەلێتدارانی گەورەی مێژووی ئیسلام، پاکترو

هەڤاڵەکانیشی لە یاوەرانی پێغەمبەر راستگۆتر بن؟ ئەگەر وایە ئێمە، قسەمان نامێنێ، بەڵێم خۆزگە وەڵێمی ئەم پرسیارانەشی دەدایەوە:

– ئاخر ئەمیندار؛ لە چوار خولەفا، سێیان لەسەر دەسەڵێت و ململانێ ناوخۆییەکان و مااڵی دونیا کوژرابن، بە چی لێکدەداتەوە؟

– ئاخر ئەمیندار؛ شەڕی ناوخۆیی ئەسحابەکان، شەڕی (جمل) و شەڕی (صفین) لەنێوان عائیشەی خێزانی پێغەمبەرو موعاویە لەلایەك، لەگەڵ ئیمامی عەلی و لایەنگرانی لەلایەکی تر چۆن، هەڵدەسەنگێنێت؟ ئایا ئەم شەڕانە شەڕ نەبوون لەسەر دەسەڵێت و پۆست و پایە.

– ئاخر ئەمیندار؛ ڕاپەڕینی ئیمامی عەلی و بەرگریکردن لە هەژاران و دوژمنایەتیکردنی ئیرستوکراتیەتی ئیسلامی، چۆن هەڵدەسەنگێنێ؟

– ئاخر ئەمیندار؛ پەیدابونی ئومەویەکان و هێرشکردنە سەر مەکەو ئەو ئەتکە پڕ لە رسواییەی لە کەعبەو حەرەم و موحەرەماتی ئیسڵامدا، کردیان، بۆچی دەگێڕێتەوە؟

– ئاخر ئەمیندار؛ ئەو هەموو هەڵگەڕانەوە لەناو ئیسلامیەکان لەسەردەمی پێغەمبەر، دوای مەرگی پێغەمبەر، لەسەردەمی خەلافەتەکاندا، چۆن دەبینێ؟

– دوای (٤٥٠) ساڵ لە خەلافەتی عوسمانیەکان، ئەمیندار نازانێ بەهۆی گەندەڵی و ناپاکی و هەوەسبازیەوە، دوا خەلافەتی ئیسلام ڕوخاوە؟

ئەمیندار ئەگەر ئەو ڕاستیانەی لە زهندا نەبووە، کە پێش سەرهەڵدانی ئیسلام، لەناو ئاینە ئاسمانیەکانی تردا چی لەسەر دەسەڵێت کراوە، خۆ دڵنیام، باش باش زانیویەتی کەوا:

خۆ بەپێغەمبەر زانەکان، لەوانە (موسەیلەمە) و (الاسود العرنس و سجاع التمیمی).. ئەمانە کێشەی گەورەو ئاشوبی ترسناکیان لە جیهانی ئیسلامدا نایەوە. هەموشی بۆ پایەی دەسەڵێت و دەسەڵێتی پارەو بازرگانی دورگەی عەرەبی.

فاتمیەکان و زنجیەکان و قەرازەکانیش، دەسەڵێتی قەڵمڕەوی ئیسلامیان دابەشکردو زیانی خۆیان لەسەر دەسەڵێت گەیاند. باتنیەکان[٢] چۆن بە پاساوی ناوەرۆکی نادیاری لێکنەدراوی قورئانەوە، بەڵێم هەر لەپێناوی دەسەڵێت و ساماندا، ئاشوبێکی گەورەیان لەسایەی سەرەتاکانی ئیسلامدا، نایەوە.

پاشان عەلەوی، مەزهەبە فیقهییەکان، جەبریەکان، نوسەیریەکان، سەبەتیەکان، بەیاتیەکان، حلولیەکان، تەناسخیەکان، ئیسماعیلیەکان (حەنبەلی و موعتەزیلەکان – سەردەمی عەباسیەکان) بویهیەکان، سەلجوقیەکان، مەغۆلەکان و.. ئینجا عوسمانیەکان. سەفەویەکانیش لەولاوە بوەستن!

ئەو هەموو فێرگە، ڕێباز، ئاراستە، کێشمەکێشە کە جۆرەها دەسەڵێت و قەڵمڕەوی ئایینی، مەزهەبی، عەقیدەیی و ناوچەگەرێتی لێکەوتۆتەوە، تەواویان چ ئەوانەی پێش سەرهەڵدانی ئیسلام و چ کێشەکانی سەردەمی پێغەمبەرو خولەفای راشدین، چ ئەوانەشی پاش ئەوان، بەشێوەی سەیروسەمەرەش، قوتبونەتەوەو هەتا ئێستاش، لە بەرگی جۆراوجۆردا، کۆتاییان نەهاتووە، تەنانەت لە کوردستانیشدا، وەکو (یەکگرتووی ئیسلامی، کۆمەڵی ئیسلامی، بزوتنەوەی ئیسلامی، ئەنسارولئیسلام.. تاد) هەمویان دەیسەلمێنن کە مەسەلە روحیەکان و کاریگەریەکانی ئاین، مەزهەب، شەرع و شەریعەت، هەرگیزاو هەرگیز نەیانتوانیووە، لەسەردەمی پێغەمبەر (ئیبراهیم)ی یەکەمین بانگەشەکەری سروش بۆهاتوی یەکانیەتی خوا، هەتا بانگەوازی دوا پێغەمبەرایەتی محەمەد کوڕی عەبدوڵڵێ، فێرگەو لێکدانەوەکانی تریش، کە بەردەوام هێنراونەتە ئاراوە، قەت نەیانتوانیوە ڕێ لە پێویستی و تەماحی مرۆڤ، گروپ، خێڵ، نەتەوە، دەوڵەت و دەسەڵێتداران بگرن؛ سەرەنجامی ئەم تەماحەش، لە هەناوی مرۆڤ و کۆمەڵدا، بنەمای ئابوری قۆناغەکان پێکهاتوەو لەمەشەوە چینەکان و سیستەمی چەوسانەوەی چینایەتی. هەر ئەم سیستەمە چینایەتی و کۆمەڵێیەتیەش، دەسەڵێت و

٢. باتنیەکان: ڕەوتێکی ئیسلامین، پێیانوایە قورئان ڕوی دیار و ناوەرۆکی نادیاریشی هەیەو پێویستە شارەزایان ئەم گەوهەرە نادیارانە دیاری بکەن.

یاسای جۆراوجۆری لەسەردەمی کۆیلەیەتیەوە بەرهەمهێناوە. لەسەر ئەم تەماح و بەرژەوەندی و درێژەپێدانی چەوساندنەوەشە، مێژووی مرۆڤایەتی، لە هەزاران ساڵی رابوردودا، پرە لە جەنگ و کوشتارو داگیرکاری. هەتا گەیەندراوەتە هەوڵی داگیرکردنی سەراپای جیهانیش.

نازانین، دوای بڕینی هەموو ئەو سەردەم و قۆناغانە، دوای سەرهەڵدانی سەدان فێرگەی فەلسەفی و سیاسی و سۆسیۆلۆژی بۆ پاکژی و ئاکاری دادپەروەری، هێشتا نەتوانرابێ لەسەر یەک بستە خاکی ئادەمیزاددا، ئەو پاکییە لەناو بچوکترین کۆمەڵ و گروپدا، بەدیبێت، ئیدی ئەمیندار چۆن توانیویەتی حیزبەکەی، بەو چەشنە بێگەردییە، بپارێزێ؟

– ئەگەر مەسەلە روحی بێ، خۆ لە خولەفای راشدین زیاتری پێناکرێ.

– ئەگەر، بەرنامەی دونیاییش بێ، هەرگیز بەئەندازەی سۆسیالیست و سۆسیال دیموکراتەکانی پێناکرێ.

لە دوائەنجامدا، ئەم پیاهەڵدانەی یەکگرتوو، ئەم شانازی پێوەکردنەی پاکێتی یەکگرتوو، جگە لە خەیاڵدانی ئەمیندارو پاککردنی پەرێزی خۆی لە کۆنگرەیەکدا، کە بەشێوەیەکی کاتیی وازی لێدێنێ، هیچی دیکە نییە. (پاش کەمێکی تر ئەمەشی بیردەچێتەوەو پێچەوانەکەی باسدەکات).

دووەم: سەلامەتی یەکگرتوو:

لە خاڵی دووەمی شانازیەکانی یەکگرتودا، بەڕێز ئەمیندار دەڵێ:

«سەلامەتە لەبواری ناوچەگەری و بنەماڵەچیەتی و تەکەتول بازی و باڵباڵێن «.

ئەمیش، دیسان، یوتوبیایەکی پەتییە. حیزبێکی دیاری کۆمەڵی فرەچینی کوردەواری، کە لێوانلێوە لە کێشەی کۆمەڵێیەتی، ململانێی سیاسی، چەوساندنەوە، کێشمەکێشی کاریگەریەکانی نوێگەری و کۆنخوازی،

چەندین حیزبی دینی و دونیایی تیایە. چۆن دەشێ باوەڕ بکرێ، حیزبێکی ئاوەها سونیگەرا، لەبەرامبەر شیعەگەرا، لەبەرامبەر دونیاگەرەکان، لەبەرامبەر دیموکراسی و سکولاریزم، چەپ و بانچەپ، سەلەفیگەراو ئیسلامی سوننەتی.. چۆن دەشێ یەکگرتوو ئاوەها لەناو ئەم هەموو جەنجاڵیە سیاسی و کۆمەڵێیەتی و ئیقلیمی و مەزهەبییە، تایفی و نەتەوەییە سەلامەت بێ، سەلامەتە لە ناوچەگەرێتی و بنەماڵەچێتی و تەکەتولیش؟ بەڕاستی دەبێ یەکگرتوو حیزبی فریشتەو بەهەشتیەکان بێ، هی ئەم رۆژگارەو ناو کۆمەڵی کوردەواری نەبێ. ئەگەر یەکگرتوو، بێ کێشەو بێشەو سەلامەتە، ئەدی بۆچی لەهەمان ڕاپۆرتدا ئەمیندار دەفەرموێ:

«گواستنەوەی پرسی پەیوەندی دەعوەو سیاسەت وەك بڕیارێکی سیاسی و شیکردنەوەیەکی فیکری بۆ ئاستی خوارەوەی ڕێکخستن و سەرقاڵکردنیان بەو باسەوە کە نە ئەوان بەرپرسن لێی و نە لای ئەوان چارەسەر دەکرێ.

سەرنەکەوتنی کۆنفرانسی (مایسی/ ٢٠١٠) لە پێکانی ئامانجەکانی و بوونی بە سەرەتای کردنەوەی هەندێ کێشەو گرفت و بوونی بە رزقی ڕۆژنامەگەر و دڵخۆشکردنی ناحەزان کە ئەگەر بە سنگفراوانی و حیکمەت ئیدارە نەکرایە ئەگەری قەیرانێکی ناوخۆیی لێ چاوەڕوان دەکرا».

ماموستا!

دەتوانی بۆمان ڕونبکەیتەوە، حیزبێك مەترسی قەیرانی ناوخۆیی هەبێ، ئیتر چۆنچۆنی سەلامەتەو دورە لە ناوچەگەری و بنەماڵەچێتی و تەکەتولبازی؟

هەموان دەزانین، بەشێکی بەرچاوی سەرکردەکانی یەکگرتوو، خەڵکی قەزای هەڵەبجەن، کەسیش نییە نەزانێ کە یەکگرتوو، وەکو بەشێکی جیهانی ئیخوان موسلمین، هەمیشە لەهەناویدا ململانێ هەبوەو ئێستاش هەیە.

ئیخوانەکان.. بەدرێژایی مێژووی سەرهەڵدانیان تا هەنوکەش، لەقۆناغی جیاواز جیاوازدا، دوچاری ململانێ، تەکەتولبازی و جیابونەوەش بون. زۆربەی ئەم ڕەوتە ئیسلامگەرایانەی لەجیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا دەیانبینین، لە روباری ئیخوانەکانەوە جۆگەیان هەڵبەستووە.

لەکوردستاندا، ئیخوانەکان زۆرجار کێشەی ناوخۆییان هەبووە. گەرچی خۆپارێزترین لایەنی سیاسی، لەمێژووی عێراقدا، ئیخوانەکانی عێراقە. کەمترین قوربانیان داوە، ئاشکرا لە هیچ خۆپیشاندانێك و ڕاپەڕینێکی جەماوەری و چەکداری، بەشداریان نەکردووە. دەستێکی ئاسنینیان لەسەر کلێویان داناوە، هەتا بای زیندان و پەلاماردان و ململانێ نەیبات. لەگەڵ ئەوەشدا، بێ کێشەو بێشە نین. ئەوەتانێ، هەر لەدوای ڕوخاندنی سەدامەوە، کە ئیخوانەکان وێرایان خۆیان ڕابگەیەنن، پێشتر دووڕونزیك دیار نەبون. لەو (١٠) ساڵەدا، چەندین مەکتەبی سیاسیان گۆڕی. ئەمسەرو ئەوسەری سیاسەتیان زۆرە. لەژێر کاریگەری ئیخوانەکانی میسردا، سەرەتا بەشداری دامەزراندنی حکومەت و هەڵبژاردنیشیان نەکرد. پاشان پاشگەز بونەوە.

لەکوردستاندا، جگەلەوەی ڕەوتی یەکگرتوی ئێستا، بەشێك بووە لەو ناونده سیاسییە ئیخوانیەی عێراق و جیهان، کە چالاکی خۆیان بەرەسمی لەساڵی (١٩٧٢) وە هەتا (٢٠٠٣) خستە چاڵە بەفرەوە، سەرکردەکانی ئیخوانە یەکگرتوەکان، کە ئیتر لە جەنگی عێراق – ئێراندا نەیانتوانی بژین و هەڵهاتنە ئێران، هەڵوێستیان ئاشکرا بوو کە نەیاندەویست توخنی خەباتی چەکداری و بەرەنگاری بکەون. لەمەوە، جیابونەوە ڕوی تێکردن. سەرەتا مەلا سدیق عەبدولعەزیز لێیان جیابۆوەو درێژەی بە کاری سیاسی دا، کە دواتر ئەمانە ناونران بە ئیخوانی ژمارە دوو. بەومانایەی ئەمانە پابەندی بڕیاری ئیخوان نەبوون بۆ ڕاگرتنی کاروباری سیاسی لەناو عێراقدا. دواتر هەر ئەمانە بوون بە حیزبی نەهزەی ئیسلامی، واتا دەتوانین ئەمە بە یەکەمین جیابونەوە لە ئیخوان موسلیمین لە کوردستان ئەژمار بکەین. هەروەها بزوتنەوەی ئیسلامی، باشتر لە بەرێز سەلاحەدین، هاتنە مەیدان و هێندەی سەنگی خۆیان سەنگەریان گرت. ئەو هەڵوێستانەی ئیخوانەکان، کە بەرێز سەلاحەدین بەهادین نوێنەرەوەیان بوو،

جیابونەوەی خستە ناو ئەو رەوتە مێژوییەو دەبینین ئێستا، چەندین لایەنی ئیسلامگەرا لەکوردستاندا هەن.

ئەو سەلامەتیەی یەکگرتوو، کە ئەمیندار باسی دەکات، هەر خۆی لە کۆنگرەدا پێشێلی کردووە. بەناوی بێلایەنی و دژایەتی تەکەتولبازیەوە، تەکەتولی دژی ریفۆرمخوازەکانی ناو یەکگرتوو کرد، بە مانۆڕێکی سیاسی و حیزبیش، مامۆستا (هادی عەلی) دەستخەڕۆ کردو تێکشکاند.

سێهەم: خەفەکردنی ئازادی:

ئەمیندار، لە خاڵی سێهەمی سەلامەتی یەکگرتوودا، دەفەرموێ:

«سەلامەتە لەبواری خەفەکردنی ئازادی رادەربڕین و رەخنەو رای جیاوازو لەبواری داخرانی فیکری و فیقهی دا».

جارێ با پرسین: جگە لە باسکردنی هەمەلایەنەی کەلەپوری ئیسلام و رەخنەگرتن لە باقی فەلسەفەو ئایدیۆلۆژیەت و لایەنەکانی تر، بە ئیسلامگەراکانیشەوە، یەکگرتوو دەرگای ئازادی لەسەر چ فەلسەفەیەکی تر کردۆتەوە؟

ململانێیەك کەوتە ناویان لەسەر جیاکردنەوەی دەعوەی ئیسلامی و کاری سیاسی، جۆرەها نەخشەو پیلانیان گێڕا، هەتا لە کۆنفرانس و کۆنگرەو کۆبونەوەکانیاندا، خەفەیان کردن.

وەکو تریش، ئاخر حیزبێکی سیاسی – ئیسلامی – سونیگەرا، کە پرۆپاگەندەی ئەوە بکات، کوت ومت پابەندی سوننەت و شەرع بێ، هەموو توانای بخاتەکار بۆ سەپاندنی عەقیدەیەکی دیاریکراو، چۆن دەتوانێ باسی ئازادی رادەربڕین بکات؟

ئازادی.. چەمکێکە، فەلسەفەیەکە، ئایدیایەکە، ناکرێ لەناو حیزبی ئاینی و لەناو ئاینەکانیشدا، لەناو حیزبێکی ئیسلامگەرای سونیگەرادا، کە کەمترین بواری ئیجتیهادیان داوە، قسەی لەسەر بکرێ. بەحوکمی حوکمە رەهاکانی ئاین و سەرکوێرکردنی ئەقڵ و کوشتنی پرسیار لای ئیماندار، مرۆڤی ئیماندار، بەتایبەتی موسڵمان، لەناخی خۆیدا دوچاری نامۆیی و رامانی سەدان پرسیاری بێوەلێمە لەسەر گەردون، سروشت، ژیان، مرۆڤ و بیرکردنەوە. بەلێم ترس و ترساندن وا لە مرۆڤی موسڵمان دەکات، ناخی خەفە بکات و پرسیارەکانی بتاسێنێ و خەمۆکی هەڵبژێرێ، نەك کرانەوەو پرسیار دوای پرسیار؛ پەرچەکرداری هەبێ بەرامبەر دیاردەی نوێ، نەك نۆژەنکردنەوەی ئەندێشەی رەها بە وەلێمی رێژەیی. ئەوانەی ئاوهان، هەرگیز ناتوانن لافی ئازادی لێبدەن، بەڵکو دوژمنی ئازادی هەمەلایەنەن.. بە چەمکە راستەقینەکەی.

ئێوە کە باوەڕتان بەوەیە، منا ڵ لە سکی دایکیەوە ئیسلامەو سوننەو کۆیلەی خوایە، ئیتر بە چ حەقێکەوە باسی ئازادی ناو حیزبەکەتان دەکەن.

ئێوە کە پێتانوایە، ژن ئەگەر پێدابگرێ لە مافی باری کەسێتی خۆی و دژی ئەوەبێ چوار ژن شوو بە پیاوێك بکات، ئاخر چۆنی بەخۆتان رەوا دەبینن باسی ئازادی ناوخۆی حیزبەکەتان بکەن؟

ئێستاش دوو ژن بە شایەتێك و ژن مافی میراتی وەك پیاو لە ئایین و شەرعدا نییە، ئەمە لە چ گۆشەیەکی فەلسەفەی ئازادیدا جێیدەکەنەوە؟

ئازادی، گەلێ لەو ژینگە ئایینی و مەزهەبی و عەقیدەییەی یەکگرتوو، فراوانترە. بەڵکو، لەمێژوودا، هیچ ئاینێك سەریهەڵنەداوە، ئازادی پیشێل نەکات و چەمکی ئازادی نەشێوێنێ. مەزهەبەکانیش هەروەها. تەنانەت زۆربەی حیزبە سیاسیەکانیش، بە رێژەیی باسی ئازادی دەکەن. دەسەلێتەکانیش، هی حکومەت و هی کۆمەڵ، ئازادیەکان سنوردار دەکەن.

بەڕێز ئەمیندارى یەکگرتوو، خۆت ئازاد نیت. خۆت کوت ومت پابەندی دەقاودەقی بریارەکانی ئیخوان موسلیمینیت. ئیتر چۆن دەشێ باسی ئازادی ناو یەکگرتوو بکەیت؟ ئازادیش لە کوردستاندا، بەرهەمی خەباتی یەکگرتوو نییە، بەپێچەوانەوە، یەکگرتوو زادەی خەباتی ئازادیخوازانەی حیزبە عەلمانیەکانە. واتا: لەبری ئەوەی یەکگرتوو ئازادی بۆ گەلی کورد هێنابێ، ئازادی گەلی کوردستان، زەمینەی رەخساندووە یەکگرتوو بێتە مەیدان. لەسەردەمی شەڕی مان و نەمانی گەلی کورددا، لەو رۆژگارەی کوڕو کچانی گەنجی ئەم ولێتە، سنگیان دەنا بە گوللەی دوژمنەوەو

چاونەترسانە، شەڕی ئازادی و سەربەخۆییان دەکرد، ئێوە هەشبوون و نقەشتان نەکرد. نەك لە خەباتی رزگاریخوازی بەشداریتان نەکرد، بەڵکو بە وتارێکیش، بە نازناویش لە رۆژنامەیەکی عەرەبیشدا، بەرگریتان لە ئازادی کوردو کوردستان نەکرد. بەڵێم پاش ئازادی و سەقامگیری دۆخی سیاسی لە هەرێمی کوردستان، ئیدی کەوتنە خۆتان. بۆیە، یەکگرتوو بۆی نییە شانازی بەسەر ئازادیەوە بکات، بەڵکو ئەوە ئازادیە فەزڵی بەسەر یەکگرتوەوە هەیە. سەرباری ئەوە، هێشتا یەکگرتوو، هێزێکی ئۆپۆزسیۆنەو نەبووە بە زۆرینەو دەسەڵێتی نەگرتۆتەدەست، هەتا، سەلامەت بێت لە کۆت و بەند کردن و پێشێلکردنی ئازادی رادەربڕین. جگەلەوەش لەماوەی رابردووەدا، ئەی هەر یەکگرتوی ئیسلامی نەبوو، دژی شیعرێك بەیاننامەی دەرکردو دژی ئازادی نوسین سەنگەری گرت؟! ئێوە ئێستا تەنها بەیاننامەتان پێدەردەکرێت، دەرتان کرد. ئەی ئەگەر ئەو رۆژەی بوونە زۆرینەو حکومەت و پەرلەمان و هەموو دەزگاو دامەزراوە ئەمنی و سەربازیەکانتان کەوتە دەست چی دەکەن؟!

نەمانبیستووە رۆژێك لە رۆژان، رەخنەت لە مێژووی ئیسلام گرتبێ. کە بێگومان لایەنی لادان و بادان و تاوان و.. هەروەها، هەڵەو پێشێلکاری زۆر زۆری تیایە.

تەنانەت نە لە جەنابت و نە لە سەرکردایەتی یەکگرتومان، نەبیستووە رەخنەتان قەڵمڕەوە تاوانباڕەکانی مێژووی ئیسلام گرتبێ، بە سەفەوی و عسومانیەکانیشەوە، کە بەرامبەر گەلانی وەکو کورد، زۆر تاوانبار بون.

ئێوەی یەکگرتوو، لەبەر بەرژەوەندیەکانتان، رەخنەتان لە ئیخوانەکانی جیهان نەگرتووە کە بەرامبەر کیمیاباران و ئەنفالکردنی کوردستان، متەقیان لێوەنەهات.. ئیتر باسی سەربەخۆیی سیاسی و ئازادی چی دەکەن.

یەکگرتوو، ناتوانن باسی رەخنە بە چەمکە زانستیەکەی بکەن، لەکاتێکدا، تەواوی فێرگەکانی رەخنەی زانستیان قبوڵ نییەو فەلسەفەی رەخنەی دیموکراسی و لیبرالیزم، لەناو حیزبێکی ئیسلامگەرادا، هەر جێینابێتەوە. سکولاریزمیش سەراپا رەتدەکەنەوە.

ئەمە چۆن لەتەك چەمکی ئازادیدا دەگونجێنن؟

لایەنی کەمی لە رەخنەو ئازادی تێگەیشتن، ئەوەیە کە ئەقڵی مرۆڤ، پێش هەموو شتێك، لە کاریگەریەکانی ئاینی و مەزهەبی و دواکەوتویی رزگاربکرێ. کە ئەمە بۆ ئیسلامگەرایەك مەحاڵە.

ئەقڵ.. کە ئازاد نەبێ. ناتوانێ رەخنەی ئازادیش بگرێ. کە نەشتوانێ رەخنەی ئازاد بگرێ، ناشتوانێ بنەماکانی بیرکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست، کۆنەپەرستی، خورافات و دواکەوتویی هەڵبسەنگێنێ و لایەنی چاکەو خراپەی بزانێ. ئەوە هیچ ناتوانێ دەقەپیرۆزەکان تاوتوێ بکات.

لە مێژووی کەلەپوری ئیسلامدا، دەیان فێرگەو رێباز، سەدان ئەندێشمەندو بەرهەڵستکار، لەسەر بیری ئازادو رەخنەی سەربەست، کۆژراون، تیرۆر کراون، دەربەدەر کراون، بەردەباران کراون، ئەتك کراون. تاڵێن کراون. ئەشکەنجە دراون.

چییان بە (مەعبەدی جەهەنی) و (غیلانی دیمەشقی) و (جەعد کوڕی درهەم) نەکرد..! لەسەرئەوەی ئەندێشەی جیاوازیان هەبوو؟! ئەمانە بەپێچەوانەی ئیسلامی ڕەسمی کە لەلایەن پیاوانی ئایینی سەر بە دەوڵەتەوە، قۆرخ کرابوو، تەفسیرو تەئویلی دەقە ئایینیەکانیان دەکرد، بۆیە کوژران و سوتێنران. سمعانی لە (أنساب)دا دەیگێڕێتەوە کە زیاد بریاری برینی زمانی ڕەشیدی هجری و لەسێدارەدانی دا، چونکە بە (رجعە) قسەی کردووە. حوکمدانیش لەسەر زمانبرین، گەشەکردنێکی پێشوەختی هونەری ئەشکەنجەدانەو بەڵگەی خێرایی پێشکەوتنی دەوڵەتی ئی¬¬¬¬سلامە لەرێگای پێگەیشتنی وەکو دەزگایەکی سەرکوتکەر.[3]

موتەوەکل و قادر باللە، ئەم دوو خەلیفەیە چیان بە موعتەزیلەکان نەکرد؟! بەتایبەت دووەهەمیان، کە کاتێك بوو بە خەلیفە، لەسەدەی چوارەمی کۆچی، فەرمانی دا بە کوشتن و سوتاندنی بەرهەمەکانی موعتەزیلەو فەیلەسوفەکان و، تەکفیرکردنیان. کە ئەمە بووە هۆی ئەوەی بۆ ماوەی زیاتر لە (٨٠٠ سال) لە خەلافەتی عەباسی و عوسمانی، هیچ کتێبێك، لە هیچ زمانێك و لە هیچ بواریکدا، وەرنەگێڕدرێتە سەر زمانی عەرەبی، چونکە دەسەلێتی سیاسی ئەم کارەی حەرام کردووە. هەروەکو جۆرج تەرابیشی لە وتارەکەیدا بەناوی (من قتل الترجمه فی الاسلام) ئەمەی ساغکردۆتەوە.

لە حەلاج و لە دەیان بیرمەندی تری ئیسلام و سۆفیزم لەسەر ئازادی بیروڕاو ڕەخنەگرتن، ئەوەی نەشێ پێیان کراوە.

لەسەر ئازادی کۆیلەو چەوساوەکان، ملیۆنەها ئازادیخواز قەتڵوعام کراوون.

ڕاپەڕینی بابەکی خوردەمی (٢٠١ – ٢٢٢ کۆچی) لەسەردەمی خەلافەتی عەباسیدا، جگە لە ئازادی و کەمکردنەوەی چەوسانەوەی دەرەبەگایەتی و باج و خەراجی دەسەلێتی ئیسلام، هیچی تریان نەدەویست. مێژوونوسان لە (٦٠ بۆ ١٠٠ هەزار) کوژراوی بابەکییە ئازادیخوازەکان تۆماردەکەن. ئەمە جگە لە ژن و منالێنی کوژراو.[4]

ڕاپەڕینی زەنگ (٢٥٥ کۆچی) ئەم ڕاپەڕینە، ڕاپەڕینی دەیان هەزار کۆیلەی ڕۆژهەلێتی ئەفریقیا بووە، لەگەڵ جوتیارانی هەژارو نەداران. ئەم ڕاپەڕینە (١١) ساڵی خایاند. پاشان سەرکوت کراون و سەدان هەزار کەسیان لێکوشتون. مێژوونوس هەیە ملیۆنێك زیاتر کوژراوانی ڕاپەڕین مەزندە دەکات.

بزوتنەوەی قەرمەتیەکان (٢٨٧ کۆچی) ئەمانیش سەدان هەزاریان لێدەکوژرێ.. تەنها لەسەر ئازادی و کەمکردنەوەی چەوسانەوەی چینایەتی و ژیانێکی بێگاری کە تیایدا هیچ نەبێ تێر بکرێن.

لەمێژووی قەڵمڕەوی هیچ ئیمپراتۆریەتێکدا، بەئەندازەی مێژووی ئیسلام، ڕاپەڕینی ئازادیخواز سەرکوت نەکراوەو ژمارەی کوژراوانی ئەم ڕاپەڕینانەش، زۆر زیاترن لە ژمارەی کوژراوانی ڕاپەڕینی سپارتاکۆس لەناو ئیمپراتۆریەتی ڕۆما.

پێش هاتنەئارای قەڵمڕەوی ئیسلام، لەسەردەمی قەڵمڕەوی ڕۆمانەکاندا، ڕاپەڕینی سپارتاکۆس بۆتە

٣. **بروانە:** من تأريخ التعذيب في الاسلام – دار المدى للثقافة والنشر. هادي العلوي، الاعمال الكاملة (٣). الطبعة الرابعة/ ٢٠٠٤ – ص (١٠).

٤. بروانە: کۆمەڵگا لەسایەی دەوڵەتی خەلافەتدا. نوسینی عەباس عەبدولکەریم. ل(١٦١)

نمونەی درندەیی قەیسەری رۆما. کەچی لەسەردەمی قەڵمڕەوی ئیسلامدا، گەرچی جۆرێك لە گۆڕینی ڕێوشوێن و مەرجی جۆراوجۆر بۆ چاکتر کردنی گوزەرانی کۆیلەو ژنەکانیان و منالەکانیان دانرا، بەڵێم چینی کۆیلە وەکو کۆیلە هەرمایەوە. تەنانەت هەتا ڕوخاندنی عوسمانیەکانیش کۆیلەداری پارێزرا. لەهەمووشی خراپتر، بەپێی شەریعەت، ژن و پیاوی بەدیلکراوی نەژادەکان، دەکرانە دیل و بەسەر فەرماندەکاندا، دابەشدەکران. دیمەنێکی چەند درندانەی نامرۆڤانەیە، بە لەشکرو شمشێر، بەناوی فتوحاتەوە، بە یاساو ڕێسای سورەتی ئەنفالەوە، پەلاماری نەژادو قەومەکان بدرێ. ئەگەر بەرگەی لەشکرەکەیان نەگرتبێ، ئەو خەڵکە دیلانە ریزکراوون و بەبەرچاوی خۆیانەوە، پیاو لە ژن و کوڕ لە کیچ جیاکراونەتەوە. خێزان لەیەکتر ترازێنراون و پۆل پۆل بەسەر فەرماندەو سوپاسالاری سەرکەوتوی ئیسلامدا، دابەشکراوون و هەڵگیراوون.

چەند دیمەنێکی سۆسیۆلۆژی- سایکۆلۆژی- تراژیدییە، سوپای سەرکەوتووی خالیدی کوڕی وەلیدو قەعقاع و ئەبو عوبێدەی جەراح و حەجاجی کوڕی یوسف و ئەبو عەباسی سەفاح.. تاد، بێنە سەر نیشتمانێك و داگیری بکەن.. ئینجا سامان و سەروەتەکەی تاڵێن بکەن. بە پێشچاویشەوە، ژن و کچ و کوڕیش.. بەکۆیلە بەرن. چەند ئەو کارانەی کراوون، تاوان بوون، تاوانی گەورەتر ئەوەیە، ئێستاش، پاساوی شەرعی و، پاساوی مەزهەبی و، پاساوی ئایینی بۆ بهێنرێتەوەو هەر بەهۆی ئەم پاساوانەشەوە، ئەمجارە لەباتی جەستەو کۆیلەگەلی ئەنفالکراو، روح و ناخی مرۆڤ، ئەقڵ و ئازادی بیرکردنەوە، ئەنفال بکرێت، تەنانەت بواری دڵەڕاوکێ و پرسیارو نیگەرانیش، هەتا ئێستاش لە نەستی مرۆڤدا، نەهێڵن.. نەکا بگاتە ڕاستی ڕێژەیی و ڕاستییە ڕەهاکانی ئەم و ئەو دونیا، کە لەترسی سزای دۆزەخ، ڕۆچێنراونەتە ناخی خەڵك، بکەوێتە ژێر پرسیارو گومانەوە.

لە تیرۆرکردنیشدا، دژوارە، قەڵمڕەوێك لە مێژوودا هەبێ، بەئەندازەی خەلیفەو سوڵتان و دەسەلێتدارانی ئیسلام، نەك نەیارەکانیان، نەك لە ئاینەکانی تر، بەڵکو لە خولەفاو کوڕی خەلیفەکان و نەیارانی ناو جیهانی ئیسلامیش، تیرۆر کردبێ.

ئەوەی کتێبی (الاغتيال السياسي في الاسلام – هادی علوي) و (الاغتيالات في الاسلام: اغتيال الصحابة والتابعين- حسن عبدالله) و (معجم السياسيين المغتالين في التأريخ العربي الاسلامي- فؤاد صالح سيد) و (أشهر الاغتيالات في الاسلام- خالد السعيد) بخوێنێتەوە، ئەوسا دەزانێ مێژووی دەسەلێتەکانی ئیسلام، چۆنچۆنی لە خوێن هەڵکێشراوی دەستی خەلیفەو کوڕەکانی و کەسوکارو دەست وپێوەندەکانیانە.

خالید سەعید، لە پێشەکی کتێبەکەیدا (کە خۆیشی کەسێکی موسڵمانی عەیار بیست و چوارە) دەڵێ: کە کردارەکانی تیرۆرکردنەکان دەخوێنیتەوە، سەرت سوڕدەمێنێ کە دەستبەرداری لەخزمایەتی و دۆستایەتی لەپێناوی بەرزبونەوە بۆ لوتکەو تەختی دەسەلێت. توشی ساکان دەبی کە دەبینی باوك کوڕی خۆی دەکوژێ، کوڕ غەدر لە برای دەکات، دایك کوڕی ژارخواردوو دەکات.[5]

هەر لەم کتێبەدا، وردتر دەزانین کە جگە لە چوار خەلیفەی شەهیدکراو (ئەبوبەکری سدیق- ژاردەرخوارد کراوە) و (عومەری کوڕی خەتاب) و (عوسمانی کوڕی عەفان) و (عەلی کوڕی ئەبو تالیب) هەروەها:

- سەعیدی کوڕی عوسمانی کوڕی عەفان.
- وەلیدی کوڕی ئەبو سوفیان.
- عومەری کوڕی سەعدی ئەبو وەقاس.
- عەبدولڕەحمانی کوڕی خالیدی ئیبن وەلید.
- عەبدوڵڵێی کوڕی عومەری کوڕی خەتاب.
- عەمرو سەعیدی کوڕی عاص.
- ئەبو هاشمی کوڕی محەمەدی کوڕی ئیمام حەنیفە.

جەعفەری کوڕی یەحیای بەرمەکی.

ئەمانەش کوڕی خەلیفەو ئیمامەکانی ئیسلامن کە تیرۆر کراوون. هەر لە کتێبی ناوبراودا، هەتا

۵. أشهر الأغتيالات في الاسلام – من زمن الصحابة الى النهاية العصر العباسي. تأليف خالد سعيد – دار الفارابي- بيروت لبنان – الطبعة الاولى.

زەمانی عەباسیەکان (٣٩٢) تیرۆرکراوی لەسایەی دەسەلێتدارانی ئیسلامدا تۆمارکردووە. ئەمە جگە لە تیرۆرکردنی سەرانی جولەکە، سەرۆك هۆزەکان، قرمتیەکان، با دیقەت لەم کارەساتە بدەین. «خاتوو زومرود هاوسەری ئەلەب ئەرسەلان ژنی سوڵتانی سەلجوقی، کورە گەورەکەی (تتوش) دوای مردنی باوکی سەڵتەنەتی گرتەدەست، بەدڵی نەبوو، بە هێشووی تڕێ، ژارخواردوی کرد. دوای ئەوە کورەکەی تری بوریە لەسەر تەخت دانیشت هەر بەدڵی نەبوو، ئەمیشی بەدەردی کورەکەی تری برد».[٦]

ئەمە ژنی سوڵتانێکی ئیسلامی کردویەتی.. بۆ خواش نا، بۆ دەسەلێت و تەماحی دونیایی!!

ئەمە مەڵۆیەکی جیهانی دەسەلێتداریێتی ئیسلامە، لەسەر نەبونی ئازادی و ڕێگرتن لە ڕەخنەو تەفروتوناکردنی بەرامبەر. کە ئەمینداری یەکگرتوو، هەمیشە شانازی بەو مێژووەوە دەکات و پشتی پێدەبەستێت هەتا بڵێ: ئەوە مێژووی ئێمەیە، بۆیە (سەلامەتین لە بواری خەفەکردنی ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنەو ڕای جیاواز). سەرباری ئەوە، نەبوونی ڕای جیاواز لەناو حیزبێکی سیاسیدا، دۆخی سروشتی و تەندروست نییە، بەڵکو ئاماژەیەکی خراپە بۆئەوەی کە ئەم حیزبەو بەتایبەت سەرۆکەکەی، کۆنترۆڵی بیرو هۆشی ئەندامانی حیزبەکەی کردووەو ڕێگای بیرکردنەوەو ڕای جیاوازی بەسەردا داخستووە. بەڵێم حیزبێك کە لەهەناوی خۆیدا، بیروبۆچونی جیاوازو ئازادی ڕادەربڕین و کرانەوەی تێدا بێت، ئەمە نیشانەی زیندوێتی ئەم هێزەو دیموکراتیبونێتی.

چوارەم: سەلامەتی لە سەرگەردانی و پاشاگەردانی:

لەچوارەمین خاڵی سەلامەتی و شانازیەکانی یەکگرتودا، دەڵێ:

«سەلامەتە لەبواری سەرگەردانی بیروڕاو پاشاگەردانی فیکری و بێسەرچاوەیی و عەودالی بێ ڕێنما «

ئەم بەشە، زۆر جیاواز نییە لە بەشی سێهەم. بەڵێم دەشهێنێ، هەندێك ئەم بەشەش، کە پێمانوایە زۆرتر ئەمیندار بۆ پروپاگەندەی یەکگرتوو باسیکردووە، شەن وکەو بکەین.

دیسان دەیڵێین، ئەمەی مامۆستا باسی دەکات، مەحاڵە. ئاخر چۆن دەشێ حیزبێکی هەڵسوراوی سەردەمی جیهانگیری، کە بازاڕ ئازادو سودی بازاڕ لەهەڵکشانی بێوێنەدایە، بیەوێ لایەنی کەم تەواوی کۆمەڵ، بۆ بەشێکی ژیانی سەرەتای ئیسلام (با نەڵێین سەدەکانی ناوەڕاست!) بگێڕێتەوە، سەرەڕاش، هیچ سەرگەردانیەك و پاشاگەردانیەك و عەودالی بێ ڕێنمای نەبێ.

جارێ، با وشە بە وشە دەستەواژەکانی ئەمیندار شیبکەینەوە، هەتا دەربیخەین کە چەند بە مەرام ویستویەتی تەواوی لایەنەکان، بە دیموکراسی و نەتەوەییەوە، هەتا دەگاتە ئیسلامگەراکان کەمبایەخ بکات، لەناویشیاندا، تەنهاوتەنها یەکگرتوو، تەندروستی حیزبی و سیاسی و ئایدیۆلۆژی دەربهاوێت.

أ- سەرگەردان:

جارێ، با ئەوە لێکبدەینەوە کە دەستەواژەکە، لێکدراوی (سەر) و (گەردان)ە. (سەر) لێرە، بەمانای ئەقڵ و ئاوەزە. کە ئەقڵ و ئاوەز نەما، ئاژاوە دێتەئاراوە. (گەرد)یش بەبێ سەر، هەڵگەڕان و داگەڕان و هەڵسورانی بێ ئاراستە دەگەیەنێ. واتا: سەرلێشێواوی. یان بێبەرنامەیی دەگەیەنێ. کورد، جوانی دارشتووە کە (قیادە)ی عەرەبی، کردۆتە (سەرکردە) ئەمیش دەستەواژەی لێکدراوە. (سەر) و (کردە) واتا: ئەو سەرەی کردەی لێدەوێشتەوە. دیارە هەموو سەرێکیش کردەی لێناوەشێتەوە. بەپێی قسەکانی ئەمیندار، تەنها خۆیان (سەر)یان هەیەو (گەردان)ی بێ سەر نین. واتا هەڵناسورێین بێ سەر! هەمویان لەناو ئەو حیزبە، سەریان ناوە بەیەکەوەو شانە هەنگ ئاسا دێن و دەچن و هەنگوینی ئیسلامگەرایی و مەدەنی، بەهۆی میری هەنگستانەکەیانەوە، دادەچۆڕێنن. من هەقم بەسەر لایەنەکانی تر نییە، بەڵێم وەکو کادرێکی یەکێتی دەڵێم: ئەگەر یەکێتی وایلێبێ، ورتەی لەناودا نەبێ و

٦. بروانة: هادى العلوي الاعمال الكاملة (٢) – الاغتيال السياَسي في الاسلام/ دار المدى للنشر. الطبعة السابعة: ٢٠١٢ – ص(٩٨).

هەموان، لە لوتکەوە بۆ دامێن، یەك هەڵوێست و یەك ئاراستەو یەك خەیاڵدانی سیاسیان هەبێ، حیزبی ئاوەها، ترسناکەو بەرە بەرەش دەبێتە حیزبێکی تۆتالیتاری.

پاشان.. ئەمیندار سەرگەردان بەچی دەزانێ؟ حیزبی سەرگەردان ئەو حیزبەیە کە سکرتێری کارامەو سەرکردایەتی بەتوانای نەبێ. کە لە حکومەتدا بەرنامەی نەبێ، لە هەڵبژاردندا پەیامی نەبێ، لەناو خۆشیدا، پەیرەو پرۆگرامی نەبێ. لەبەرامبەر هەر رووداوێکیشدا، هەڵوێست دەرنەبڕێ. کۆنگرەو کۆنفرانس نەگرێ.. تاد. دیارە حیزبی ئاوەها، سەرگەردان دەبێ. لەم بەڕێزە دەپرسین:

ئەگەر یەکێتی وایە، ئەی بۆ ئەم هەموو وەسفەی مام جەلال دەکرێ؟ ئایە مام، سەری گەردانی یەکێتی نییە؟ یان مام یەکێتی هەڵنەسوراندووە؟ ئەگەر مام، بەم گەورەیی و کاریگەرییەی هەیەتی، تەنانەت لەسەر خودی یەکگرتوو، هاوکات هێزە ئیسلامگەراکانی ترو لایەنەکانی تریشەوە، ئەگەر ئەمە مام بێ، کە لە سێ مانگی دوای نەخۆشکەوتنەکەیەوە تەواوی لایەنەکان داخی بۆ دەخۆن، ئەی چۆن یەکێتی نیشتمانیی بێ (سەر) (گەردانە) (راپۆرتەکەی ئەمیندار پێش نەخۆشیەکەی مام جەلالە).

ئاخر بە چ پێوەرێکی سیاسی و بە کام ویژدانی نیشتمانی، یەکێتی و تەاووی حیزبەکان، سەرگەردانن، تەنها یەکگرتوو، سەرگەردان نییە؟! کەسێك لەپایەی ئەمیندار کە راپۆرتی سیاسی دەنوسێ، هەقوایە، زۆر بەوردی راپۆرتەکە ئامادەبکات. نەك سەری ئارەزووی لێهەڵبگرێ و راستیەکان بە مەرام هەڵبگێڕێ.

ب- پاشاگەردانی:

پاشاگەردانی لە زمانی کوردیدا، بە بلانکیزم، یان بشێوێنەیی، یاخود فەوزەویەت بەکاردێ. پاشا، لەمێژوودا، لوتکەی هەرەمی دەسەلێت و دەسەلێتدارێتییە. کە پاشا نەمابێ، دۆخی ولێتان تێکچووە. واتا: (پاشا).. ولێت (گەردان)ە. یان ولێت بەڕێوەبەرە. (گەڕ)یش، لە خستنەگەڕەوە هاتووە، وەکو: پیشەگەری، ئاش دەگەری، یان ئاش ناگەری. یان ژنان دەڵێن.. لەدەورت گەڕێم. مامڵێش لە گۆرانیەکدا دەڵێ: بالێگەردانی بالێت بم.

نە ئەزمونی کوردستان و نە هیچ حیزبێکی کوردستانی، بە پاشاگەردانی نابینم. بەپێچەوانەوە، کە یەکگرتوو دێنە قسە، سەری زمان و بنی قەڵەمیان ئەوەیە کە لە کوردستاندا دەسەلێت کۆنترۆڵ کراوە، دەسەلێتێك لەلایەن دوو حیزبەوە کۆنترۆڵ کرابێ، کەوابێ: نە حیزبەکان سەرگەردانن و نە دەسەلێتەکەش پاشاگەردانە. لەمیشیاندا، پێموایە، جگە لە ریزکردنی دەستەواژەو لە دەستەواژەشدا، لامواپە پاشگری (گەردان) زۆر چووە بەدڵی ئەمیندارەوە، بۆیە دوو دەستەواژەی (سەرگەردان) و (پاشاگەردان)ی بۆ بەکارهێناوە، جگە لە ریزکردنی دەستەواژە، هەتا راپۆرتەکەی بەحساب رەوانبێژ بچێتە بەر زهن، هیچ بیری لە ناوەرۆکی رستەکە نەکردۆتەوە، ئەگینا لە چوار وشەی رستەیەکدا (سەرگەردانی بیروراو پاشاگەردانی فیکری) دوو جار دەستەواژەی پاشگری (گەردان) ی بەکارنەدەهێنا. کە ئەو دوو دەستەواژەیەش، لە ڕێزمان و زماندا، دەچنە قاڵبی حوکمی رەها.

ج- بێ سەرچاوەیی:

لێرەدا، ئەمیندار، بەراشکاوی دەیەوێ بڵێ: جگە لە ئیسلام و ئێمەی یەکگرتووی ئیسلامگەرا، هیچ لایەکی دیکە، سەرچاوەی سیاسی و عەقیدەیی نییە.

ئەم بۆچونە، زۆر دوورە لە راستیەوە، بۆ؟ چونکە، یەکەم: ئایینی ئیسلام تەنها هی حیزبە ئیسلامگەراکان نییە. دووەم: لەم دونیایەدا، یەکگرتوو دەتوانێ شەرعیەتی یاسایی و هەڵبژاردن وەربگرێ، نەك بە غەیب و سیاسەتی ئیستەعرای (ئیسراو میعراج)!

ئاخر مامۆستا! چۆن حیزب، بەمانای حیزب، دەبێتە حیزبێکی میژوویی، ئەرکی گەورەی میژوویی راپەڕێنێ، شۆڕش بەرپا بکات و داینەمۆی راپەڕین بێ و فیدرال بکاتە ئامانج و سەریشی بخات، چۆن چۆنی حیزبی ئاوها، بێ سەرچاوەیی و عەودالی بێ ڕێنماییە؟! خۆ یەکێتیەکان هەموو (وەلی دێوانە) نەبوین و سەرگەردانی (شەم) بوبین.

ئاخۆ بۆ دەبێ، بەم شێوەیە، لە ئەندێشە و فەلسەفەی ئەمینداری یەکگرتودا، بە یەك بڕیار، هەموو لایەنەکان،

لەڕووی سەرچاوەی فکریەوە، فت بکرێین، تەنها خۆیان شۆڕەسواری سەرچاوەدار بن.

ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە، سەرەتا لەناو پەیکەرەی حیزب و لەناو کۆنگرەو راپۆرتی بەرپرساندا، رەنگە ئاسایی بێتە بەر گوێ و سەرەنجام بشچێتە ئەقڵ، بەڵێم لەکاتی هاتنە سەر دەسەڵتدا، ئەم بۆچونانە ئاکامی ترسناکیان لێدەکەوێتەوە. مەترسی دوژمنایەتیکردنی دیموکراسی، سەرچاوەکەی بۆ تاقە سەرچاوەیی فەلسەفیی و عەقیدەیی دەگەڕێتەوە. کە ئەمیندار، بەخشکەیی دەیەوێ تێیبپەڕێنێ.

ئەگەر لە باری فەلسەفی و سیاسیشەوە، وردتر لێکیبدەینەوە، دەڵێین:

حیزبە دیموکراسی و چەپ و سوکولارەکان، سەرچاوەی بیرکردنەوەیان دونیاییە. واتا: هەرچی کەلەپوری فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی دونیایی بۆ حیزبەکان هەیە، هەمووی بەرهەمی بیرکردنەوەی مرۆڤن و بەدیاریکراوی بەلایەنی باش و خراپیانەوە، خراونەتە خزمەتکردنی مرۆڤایەتیش.. بەڵێم یەکگرتوو، لەم دونیایەدا، نەیتوانیوە سەرچاوەی فکری دابهێنێ، یان پشتی پێ ببەستێ، هەڵساوە هانای بۆ خواو ئاسمان بردوە، کە لەراستیا، ئاین و ئیسلامیش لە ئایندا، تەنها عەقیدەی شەخسین. نەک حیزبی. ئیسلام سەرچاوەیەکە، هەموو کەسێک، دەتوانێ باوەڕی پێبهێنێ و بەرمالی خواپەرستی خۆی، لە هەر شوێنێک کاتی نوێژی هات، رابخات، بەبێئەوەی پێویستی بە حیزب و رابەرو ئەمیندار هەبێ. تەنانەت بەبێ مزگەوتیش، نوێژ ڕێپێدراوە. بەڵکو ئەگەر لەشوێنێکدا ئاو دەستنەکەوێ، بەخۆڵیش دەتوانرێ دەستنوێژ هەڵبگیرێ. ئەمە بۆ ئەوانەی وێڵ و (سەرگەردان) دەبن!!

کەچی.. ئەمیندارو یەکگرتوو، لەم هەموو فەلسەفەو رێبازە سیاسی و ئایدیۆلۆژییە دانراوانەی مرۆڤگەل، دڵنیابون ناتوانن ببنە هێزێکی باشتر لەو حیزبانەی هەن، ناچار هانایان بۆ دەستەمۆکردنی روحی بەشێکی کۆمەڵ بردووەو سودیان لە ئیمانداریی ئەو خەڵکە، بۆ حیزبایەتی خۆیان، وەرگرتووە. هێشتا ئەوان، هێزە دونیاییەکان، کە کارو سیاسەتیان، لەسەر فەلسەفەو رێبازی دانراوی دیاریکراوی ناو ئەزمونەکانە، بە سەرگەردان و خۆشیان بە سەرنەگەردان دەزانن. سەیرە!!

(٢)

بەدیلێکی سەرکەوتوو

ئەمیندار، دوای شانازیەکانی یەکگرتوو، دێتە سەر پەرەگرافێک کە ئیتر، لە بنی هەمانەی ئایندەی دەدات و دێژێ:

«بەڵێ یەکگرتوو بەم تایبەتمەندیانەو سەلامەتیەوە سوپاس بۆ خوا لەئاستێکی بااڵیدایە لە پێ بون و تواناو لە قبوڵ و پەسەندی و نزیکی جەماوەر.. دەتوانێ پێگەیەکی لەپێشتر وە رۆڵێکی گەورەتر ببینێ.. چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێ بەدیلێکی سەرکەوتو بێ لەسەر ئاستی کوردستان و شەریکێکی سەرکەوتو بێ لەعێراقدا «

بەدیلێکی سەرکەوتوو لەسەر ئاستی کوردستان و شەریکێکی سەرکەوتو بێ لەعێراقدا.

خۆزگە، پێچەوانەی بکردایە، بەدیلێکی سەرکەوتوی ئاستی عێراق و شەریکێکی سەرکەوتوی کوردستان بوایە.

ئاخر یەکگرتوو، کە کەلتوری ئیسلامی کردبێتە ستراتیژی خۆی و بەشێکی دانەبراوی فەلسەفەی ئیخوانەکان بێ، هەقوابوو، ئەم ئایینە کە بە زمانی عەرەبی و لەڕێی پێغەمبەرێکی عەرەبەوە، هاتۆتەئاراوەو عەرەب خۆی نەیتوانیووە، لە شارەکەی پێغەمبەر و خەلیفە و ئەسحابەکان، پەیامی ئاینەکە لایەنی کەم لەڕوی سیاسی و کۆمەڵێیەتیەوە جێبەجێ بکات، دەبوایە، ماموستا سەلاحەدین، وەکو سەلاحەدینی ئەیوبی سەردەم، بۆ ئاینەکە، بەرۆکی عەرەبی بگرتایە، نەک ئایینی ئیسلام و کولتورە عەرەبیەکە بهێنی و خۆی بکاتە بەدیلی هێزەکانی کوردستان، لەکوردستاندا.

ئەگەر، لە مێژووی ئیسلامدا، دژی ئیسلام، گوناهبار هەبێ، دەسترۆشتوەکانی عەرەب و هۆزەکانی عەرەبی، لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامەوە، هەتا روخاندنی قەڵمڕەوی عەباسیەکان، گوناهبارترین خەڵکن.

– یەکەمین خەلافەتیان، دوای پێغەمبەر دامەزراند، سیانیان لێ شەهیدکردن و چوارەمیشیان دەرمانخواردوو کردووە.

– ئومەویەکانیان دروستکردو کۆمەڵکوژیان لە نەوەی پێغەمبەرو کەعبەش کرد.

– دەسەڵێتی قورەیشیان دامەزراند، ئومەویەکان روخاندیان، ئومەویەیان سەپاند، عەباسی روخاندنی، فاتمیش (شیعەگەرا) هاتنەئاراو ئینجا، سەفەوی و عوسمانی و قەڵمڕەوەکانی تریش.

باسی تاوانەکانی تر ناکەین، چونکە لە لاپەڕەکانی تردا، هەندێك لاپەڕەی تاوانمان هەڵداوەتەوە.

دەی چاکە.. ئایە نەتەوەیەکی ئاوها، پێویستی بەوەیە، پەروەردەی ئایینی بکرێتەوەو لە «سەرچاوەیی» خۆیانەوە، پاراوی دینی و دونیایی بکرێنەوە، یان نەتەوەیەکی وەکو کورد، هەر زوخاویان پێ نۆشیووەو دەنۆشن؟

کورد، یەکەمین جارە، حکومەتێکی فیدراڵی (٢٢) ساڵەی هەیە، کەموکوڕیشی تیابێ، لەچاو قەڵمڕەوی هەزار ساڵەی خولەفا، سوڵتان، قەڵمڕەوەکان و حکومەتەکانی سەردەم، بە زەڕەبینیش نابینرێ..

– سەرزەمینی عەرەب و عەرەبی عێراق، لە کوردستان زۆرترە.

– نەتەوەی عەرەب و عەرەبی عێراقی، لە کوردستان زۆرترە.

– چەوساندنەوەو ناعەدالەتی لەعێراقی عەرەبیدا لە کوردستان زۆرترە.

– گەندەڵی و مشەخۆری و دزی.. لە ناوەڕاست و خواروویی عێراقدا هەر زۆر زیاترە لە کوردستان.

– بەکرێگیراوی و خزمەتکردنی بێگانە.. ئاشکرایە.

– جیاوازی ڕەگەزی.. زەق و ڕەقە.

– شۆڤێنیزمی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، هێشتا تونده.

– ئەقڵیەتی تایفی و خێڵەکی و عەقیدەیی زیانبەخش، باوە.. تاد.

– کێشەی یەك نەتەوەش، بەدرێژایی مێژوو، لەسەر دەستی عەرەب، لە ڕۆژهەڵێتدا چارەسەرنەکراوە.. تاد.

ئێستا، مامۆستای ئەمیندار دێت و (سەرچاوەیی و عەودالی ڕێنمایی) لە مێژوی عەرەب وەردەگەڕێ و لە کوردستاندا دەبێتە بەدیل. من پێموایە، سەلاحەدینی ئەیوبی (٥٣٢-٥٨٩ك / ١١٣٨-١١٩٣ز) کە پێش (٨٢٠)ساڵ لەمەوبەر کۆچی دوایی کردووە، لەو زەمان و زەمینە کۆمەڵێیەتی و سیاسیەدا، لە سەلاحەدین بەهادین دووربینتر بووە. چۆن؟

ئەگەر سەلاحەدینی ئەیوبی، ڕۆژگاری خۆی، بیویستایە، لەباتی ڕزگارکردنی قودس لە خاچپەرستەکان، دەسەڵێتێکی ئیسلامی لە تکریت، یان هەر شوێنێکی دیکە، بەرقەرار بکات، سەرنەدەکەوت. بەڵێم دوای ئەوەی جەنگی ڕزگارکردنی قودسی بردەوەو دەوڵەتی ئەیوبی لە میسردا دروستکرد، لە کوردستانیشدا، بۆ ماوەیەك و هەتارادەیەك متمانەی پەیداکرد. ئێستا، سەردەم گەلێ لە سەردەمی ئەیوبی پێشکەوتوترە، لە چارەکە سەدەی ڕابوردوداو لەناو گەرمەی گۆڕانکاریەکاندا، لەم دەرەتانە هەڵکەوتوانەی جیهانگیریدا، بزوتنەوەی ڕزگاری نەتەوەیی دیموکراسی کوردستان، زۆر باشتر لە سەردەمەکانی دیکە، پەرەی سەندووەو لەگەڵ هاوکێشە سیاسیەکانی جیهان و ناوچەکەشدا، کارلێکی کردووە، لەسەردەمێکی ئاوادا، کە لە دوو سەدەی ڕابوردودا، بۆ یەکەمین جار سەنگی کێشەی کورد کەوتە ناو نەخشەڕێگای سیاسەتی جیهانی و ناوچەییش، واتا: تازە تازە، کورد نۆرەیەتی بگاتە مافی چارەی خۆنوسینی و بەرەو سەربەخۆییش نەوەستێ، چ ڕەوای هەقە یەکگرتوو، بەناوی ئیسلام و ئیسلامگەرایەوە، باسی کوردایەتی بکات و کوردایەتیەکەش، ببەستێتەوە بە ستراتیژی ئیسلامگەراییەوە. ئەمەیان غەدرێکی گەورەیە لە بزوتنەوەی تازە هەڵچوی سەرانسەری کوردستان. بەڵکو دوور نییە، لەم هەلومەرجەدا، ئەم سیاسەتە نامۆیە بە کوردایەتی، هێزە کوردایەتیەکان دوچاری جۆرێکی دیکە لە شەڕێ ناوخۆ بکاتەوە. بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵێت و ڕۆژئاوای کوردستاندا.

گرفتەکانی یەکگرتوو!

پێشتر، لە بەشی شانازیەکانی یەکگرتودا، ئەمیندار، یەکگرتوی کردە پاکترین و بێکێشەترین لایەنی سیاسی کوردستان. ئێستا، بەشێکی بەناوی گرفت و ئاستەنگەکانی خولی پێنجەمی یەکگرتوی تەرخانکردووە. ئەم ناونیشانە، کە ئەم خاڵێنەی خوارەوەی گرتۆتە خۆی، پێچەوانەی بۆچونەکانی ئەمیندارن لەسەر پاکێتی یەکگرتو. با بڕوانین چی دەڵێ:

«هەر لەم خاڵەدا پێویستە ئاماژە بە گرنگترین ئاستەنگ و گرفتەکانی چوار ساڵی رابردوو بکەین:

گرفتی کەمی بودجەو داهاتی حزب کە بەردەوام خەرج زۆرتر بووە لە داهات.

کەمبوونەوەی گەرم و گوڕی ڕێکخستن و سستی لە پابەندی حزبایەتی وەك دیاردەیەکی گشتی لەهەڕێمدا.

کەمتەرخەمی لەبواری دەعەوی و سستی لە ئیلتزامی پەروەردەیی و عیبادەتی. «

گرفتی بودجەو خەرجی زۆرتری حیزبیان هەیە. پێشەکی با بپرسین، ئەم یەکگرتووە، سەرچاوەی داهاتیان چەندە؟ لەکوێیە؟ چۆن دەگاتە دەستیان؟

پاشان.. چۆن چۆنی سەرفی دەکەن؟ ئەی بۆچی وەرزانە، یان سالێنە، کەشفی حساباتیان ناکەن؟ ئەگەر داهاتیان کەمترە، ئەم حیزبە تۆکمەو بەبەرنامەیە، بۆچی ڕێگە دەدەن مەسرەفیان زۆرتر بێ؟ هەموو شارەزایەك لە ئابوری دەزانێ، مەسروفاتی زیاتر لە داهات، بەڵگەی ئەوەیە سیاسەتی هاوسەنگبونی ئابوری نییە. بەمەشدا دەردەکەوێ یەکگرتوو، بەپێی بەڕەی داهاتی قاچی ڕانەکێشاوە.

لە بڕگەی دووەمدا دەڵێ: **«کەمبوونەوەی گەرم و گوڕی ڕێکخستن و سستی لە پابەندی حزبایەتی وەك دیاردەیەکی گشتی لەهەڕێمدا».**

بۆچی گەرموگوڕی کەمبۆتەوە و سستی حیزبایەتی سەریهەڵداوە؟ ئەمەیان لەکوردستاندا هۆی بابەتی هەیە، لەناو یەکگرتوشدا، هۆی بابەتی و خۆیی هەن.

لە کوردستان و حیزبەکانی دەسەڵێت، هەمیشە وایە، دوای سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕش، بەرە بەرە حەماس کەمدەبێتەوە. ئەمە خەسڵەتی هەموو شۆڕش و حیزبێکی شۆڕشگێڕە. بەڵێم پرسیار ئەوەیە بۆچی یەکگرتوو، وای بەسەرهاتووە؟ ئەمان سەرباری ئەو پیاهەڵدانانەی پێشووی ئەمیندار، بۆ گەرموگوڕیان نەماوەو سستی ڕوی تێکردون؟ ئەمیندار، بەوردی وەڵێمی ئەم پرسیارانە ناداتەوە. تەنها قەتماغەی برینەکان هەڵدەداتەوەو بەس.

کاتێك، حیزبێکی وەکو یەکگرتوو، کە تەمەنی کەمەو کەمترین ڕوداویشی ڕووبەڕوو بۆتەوە. تەنها لە سەنگەری ئۆپۆزسیۆن و ڕەخنەگرتندا بووە. بەزۆری خەباتی کردووە ریزەکانی تۆکمەو کادرەکانی پەروەردەو هاوکاری بکات، سەرەڕای ئەوەش، بە دانپیانانی ئەمیندار، گرفتی جۆراوجۆریان توشبووە. ئەمە، دەیسەلمێنێ کە حیزبایەتی، بە ڕۆمانسیەتی سیاسی و پیاهەڵدانی عەقیدەیی، ناچێتەسەر. ژیان و ژیانی کۆمەڵیەتی، کاریگەرییان لەسەر پەیکەرەو سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی حیزبەکەو ئەندامانی هەیە. هەر بۆیە، یەکگرتووەکانیش، جاری وا هەیە گەرم و جاری واش هەیە ساردن.

ئەمە جگەلەوەی هەموو حیزبێك لەژێر کاریگەری باری بابەتیدایە، هەروەها، تەکەتول و دەستەبازی ناو حیزبەکەش، لەسەر سستی و ساردی کاریگەرییان هەیە.

سەیر ئەوەیە، نەك لە کاری (دونیایی و حیزبایەتی) بەڵکو ئەمیندار، هەورازتر دەڕواو لە هێڵی سوری عیبادەتیش نزیك دەکەوێتەوەو زەق و ڕەق دەڵێ: **«کەمتەرخەمی لەبواری دەعەوی و سستی لە ئیلتزامی پەروەردەیی و عیبادەتی».**

کەمتەرخەمی لەبواری دەعوە.. ڕێك بەڵگەی ئەوەیە، لەناو یەکگرتودا سیاسەتی بەرژەوەندیخوازی و ئەرکی دونیایی و تەماح زاڵبووە.

کاتێك، حیزبێکی ئیسلامگەرا، کە بەشی زۆری پەروەردە عەقیدەیی و روحیەکەی، دەبەستێتەوە بە خواو قورئان و ئەودیوی سروشتەوە (میتافیزیقیا) بێگومان دەبێ، دەعوەکردن (بانگخوازی) بەشێوەیەك

ببێته بەشێکی کولتوری ئەو حیزبە، هەرگیز ئەندامانی لە هەر شتێك کەمتەرخەمی بکەن، لەم ئەرکە گوناحە بیکەن.

کەمتەرخەمی لە دەعوەی خواپەرستی، لە پەرستن و ئەودونیاخوازی بکرێ، کەوابێ:

حیزبی ئاوها، مەسەلە دونیاییەکان زۆرتر لە مەسەلە دینیەکان، رۆچوتە هەناوی و ناخی ئەندامانی. زیاتریش لەوە، ئەمیندار دەفەرموێ: سستی لە ئیلتزامی پەروەردەیی و عیبادەتی.

کەوابێ: سستی لە عیبادەت لەناو یەکگرتودا، بۆتە دیاردەیەکی باو، بۆیە ئەمیندار لە راپۆرتی کۆنگرەدا ئاماژەی دەداتێ. سستی لە عیبادەت یانی چییە؟

یانی.. نوێژ کەم دەکرێ. رۆژو کەم دەگیرێ. لە زەکاتدان خۆیان دەدزنەوە، شەریعەت جێبەجێ ناکەن. دیارە بۆ حەجیش کەم دەڕۆن.

هۆی سەرەکی ئەم دیاردانە چین، کەوا لەناو یەکگرتودا گەیشتونەتە رادەی کەمتەرخەمی لەبواری دەعوەو سستی لە عیبادەت؟ لەوەڵێمدا دەڵێین:

زۆر کەمن ئەوانەی لەژیاندا، تەنها مەسەلە روحیەکان، تەحەکومیان تێدەکات. ئەمانە، تەنها زاهیدو سۆفیەکانن. ئەویش زاهیدو سۆفییە راستەقینەکان. باقیەکەی، ناتوانن مەسەلەی دونیایی فەرامۆش بکەن. بەڵکو بەسەر مەسەلە روحیەکانیشدا، زاڵی نەکەن.

بەو هەموو (پیرۆزی پەرستنەی) کە کراونەتە دوانەی چارەنوسی ئایین و ئیماندار کەمەرکێشی روحی دەکەن، ئینجا، کە دێتە سەر مەسەلە دونیاییەکان، هاوشانی دوانەی پیرۆزی و پەرستن، تەواوی پشاندانی هەڕەشەکانی ئاین و دۆزەخ و ئازاری دۆزەخ، لەسە ئەم ئەرزە، تەنانەت لەناو هێزە ئیسلامگەراکانیشدا، ئاین و مەسەلە روحیەکان، نەیانتوانیوەو ناشتوانن، مرۆڤ، لە پێویستیەکانی ژیان و هەڵپەی دەستخستنی خۆشگوزەرانی و داهات و دەستکەوتی زیاتر، دابڕن. لەوەش زیاتر، ناتوانن کاریگەریە فسیۆلۆژی و تەنانەت سایکۆلۆژیەکانی مرۆڤیش بگۆڕن. یەکێك لەوانە، خۆشەویستی و دڵداری و سێکسە.

بەدرێژایی مێژوو، لە مێژووی میسیۆلۆژیاوە، بۆ مێژووی ئاین، لەو چاخەوە ئادەمیزاد جگە لە بەروبومی سروشت هیچی دیکەی نەبوو تەماحی تێبکات، ئینجا بەرە بەرە ئەم تەماحە لەسەر بەروبەرمی سروشت، شەروشۆڕی دەخستەوە، مولکدار و مولکداریتی قوت دەکردەوە، بیرکردنەوە لە جۆرێك بەستنەوەی مرۆڤ لە ئەفسانەو داستانە مسیۆلۆژیەکانیشی، سەروی بیرکردنەوەی ئادەمیزادی هێنایەئاراوە، سەرەڕاش، لەوساوە بۆ سەرهەڵدانی عەقیدەکان، نەریتەکان، دەسەلێت و ئاینەکان، هەموو ئەمانە، ڕێگەیان پێ لە نەفسی بەشەری و، تەماحی ژیان، تەنانەت جەنگی گەورەو تاوانی بێوێنەو، خیانەتلێکردنی ئاینەکانیش و، هەڵگەڕانەوە لە پیرۆزی و پەرستنیش، نەگیرا.

مرۆڤ.. ناخی، حەزی، چێژی، سێکسی، سایکۆلۆژیەتی، پێکهاتەی فسیۆلۆژی، نەستی، دەسەلێتخوازی، بیرکردنەوەی و زاڵبونی.. تاد زۆر لەوە ئاڵۆزتر بووە داستان و ئەفسانەکان، یان ئاین و مەزهەبەکان، یاخود فەلسەفەو دەسەلێتەکان، بتوانن کۆنترۆڵی بکەن. هەربۆیە، یەکگرتوی ئیسلامیش، بەو هەموو لافلێدانەی لە پاکێتی، راستگۆیەتی، جیاوازگەرێتی، ئینجا، ئەمیندارەکەی ڕەخنە لە کەمتەرخەمی دەعاوی و سستی لە عیبادەت دەکات. ئەم ڕەخنەیە، لەسەردەمێکدایە، کە بە ملیۆنەها تیراژ قورئان چاپ دەکرێ. دەیان کەناڵی تەلەفزیۆنی ئایینی و مەزهەبی هەیە. هەزاران مزگەوت، هەزاران زانای ئایینی، سەدان کادرو سەرکردەی حیزبە ئیسلامگەراکانیش هەیە، ئینجا، ئەمیندار باسی کەمتەرخەمی و سستی لە دەعوەو عیبادەت دەکات.

(٤)

خەرجی هەڵبژاردن

لەو باسانەوە، ئەمیندار دێتە سەر چەند باسێکی تر سەبارەت بە هەڵبژاردنی کوردستان و چۆنیەتی پێشکەوتنیان. ئەوەی جێی سەرنجە وا رونیدەکاتەوە:

«ئەنجامدانی دوو هەڵبژاردنی گشتی (٢٠١٠/٣/٢٥) و (٢٠١٠/٣/٧) کە پێویستی بە کات و خەرج و ماندووبونێکی زۆر هەبوو.. جگە لە هەڵبژاردنەکانی سەندیکاو ڕێکخراوە پیشەییەکان کە ئەویش کۆمەڵە

پرۆسەیەکی گرنگ بو و سەرکەوتنی باشی بۆ یەکگرتوو تۆمارکرد. «

لەسەر ئەوە دەوەستێت کە (خەرج و ماندوبونێکی زۆری هەبوو). لێرەدا، لایەنی بانگخوازی و روحیەکەیمان لا گرنگە، هەتا بەراوردی بکەین بەوەی چۆن هەڵبژاردن، وەکو مەسەلەیەکی دونیایی و فەلسەفەی دانراوی ئادەمیزاد، هێزە ئیسلامگەراکان، لەبەرئەوەی بەرژەوەندی دونیایی بەسەریاندا زاڵدەبێ، ئەمانیش، بۆ دەسەلێت گرتنەدەست، پەنا بۆ مەسەلە دونیاییەکان و فەلسەفە دانراوەکان دەبەن، چونکە دڵنیان ئەندێشە روحیەکان بەتەنها، بۆ دەستەبەری سەرکەوتنیان برناکات.

جارێ با لەوەوە دەستپێبکەین کە پرنسیپی هەڵبژاردن، چۆن سەریهەڵداوەو ئاینەکانیش، چۆن چۆنی هەڵوێستی لێوەردەگرن.

دەستەواژەی دیموکراسی و فەلسەفەی حوکمرانی دیموکراسی، پێش سەرهەڵدانی ئایینە ئاسمانیەکان، لە شارستانیەتی گریکەوە، هاتۆتەئاراوە. جولەکە، وەکو ئایینی ئاسمانی، لەمێژوودا، قەڵمرەوی گەورەی نەبووە هەتا شێوەکانی حوکمرانی تاقیکردبێتەوە؛ مەسیح، هەر باوەری بە دەسەلێت نەبووە، بەڵکو دەسەلێتی بۆ قەیسەر جێهێشتوەو خواپەرستیشی بۆ ئادەمیزاد. ئینجا، قەیسەر سەرەتا کە لە مەسیحیەت دەترسا، سێ سەدەی رەبەق هەڵیاندەواسین و دەیانخستنە ناو ئاژەڵی درندەو ئەنجن ئەنجنیان دەکردن. بەلێم ئیمپراتۆریەتی رۆما، کە دوچاری قەیران و مەترسی هەڵوەشانەوەی هاتەسەر، (ساڵی ٣١٣ز) ئایینی مەسیحیەتی کردە ئایدیۆلۆژیەتی حوکمرانی. ئەویش دوای سێ سەد ساڵ. هەتا رۆژگار هاتە سەر ئایینی ئیسلام. کەوابێ:

دیموکراسی.. زیاتر لە هەزار ساڵ پێش ئیسلام، وەکو پرۆسەیەکی سەرەتایی حوکمرانی لە یونانداً، جێبەجێ کراوە. جێبەجێکردنەکەشی پشتی بە پرنسیپەکانی دیموکراسی بەستووە، نەک لە روانگەی ئاینی و عەقیدەیی ئەوساوە، تاقیکرابێتەوە. واتا: دیموکراسی بەرهەمی ئەقڵ و سەرەتای بریاری سیاسی ئەقلێنی بووە.

دوای حوکمرانی خولەفاش، بۆ یەک جاریش لەمێژووی ئیسلامدا، زاراوەی دیموکراسی و تاقیکردنەوەی دیموکراسی و دیاردەی دیموکراسی، هەتا روخاندنی عوسمانیەکان، نابینرێ. بەمەشدا، ئەو راستییە دەردەکەوێ کە کولتوری سەرەتایی دیموکراسی لە شارستانیەتی گریکیەکاندا، لەسەرەتای سەرهەڵدانی ئیسلامدا، کەمترین کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی خولەفاو جێنشینەکانیان نەبووە. دەقاودەق، پابەند بوون بە بەرژەوەندییە تایبەتی و خێڵەکیەکانی خۆیان، بۆ ئەم کارەش هەمیشە ئایین و شەریعەتیان کردووە بەبیانو و پاساو بۆ سیاسەتە دنیاییەکانیان. هەر لەم چوارچێوەیەدا، پیاوانی ئایینی سەر بە خەلیفە، بەپێی بەرژەوەندی سیاسیەکانی خەلیفەکان تەفسیرو تەئویلی دەقە ئایینیەکانیان کردووە.

لە شارستانیەتی گریکەکاندا، دیموکراسی تاقیکرایەوە، بەلێم بەحوکمی قۆناغەکە، کە قۆناغی کۆیلەیەتی و سەرەتای رسکانی تویژی جوتیاران بوو، دیموکراسی لەلایەن کۆنەپەرستانەوە، شکستی پێهێنرا. ئایین و قەڵمرەوی ئیسلام، لەکۆتایی سیستەمی کۆیلەیەتی و سەرەتای دەرکەوتنی چینی جوتیاران هاتەئاراوە. ئینجا، ئیسلام، نەک کۆیلەی ریشەکێش نەکردو جوتیارانی ئازاد نەکرد، بەڵکو بەحوکمی هەلومەرجە بابەتیەکەی قۆناغی دەرەبەگایەتی، سیستەمی دەرەبەگایەتی و ئۆرستوکراتیەتی دونیایی سەپاند. دەوروبەری (٩٠٠) ساڵ، ئەم ئایینەو خەلیفەکانی کە خۆیان بە سێبەری خوا لەسەر ئەرز دەزانی، جگە لە پابەندبون بە شەرع و شەریعەت و سەپاندنیان، هیچ جۆرە سیستەمێکی دیکەیان قبوڵنەدەکرد. بەڵکو بیری جیاوازیشیان بەتوندی سەرکوت دەکرد. هەتا دوا قەڵمرەوی خەلیفایەتی عوسمانی روخا، کۆیلەگرتن و کۆیلەڕاگرتن، بە نێرو مێیەوە، کرین و فرۆشتنیان، کاری بێگاری پێکردنیان، هەتا چل کەنیزەک راگرتن بۆ رابواردن لەمالی خەلیفەو سوڵتان و پایەدارو ساماندارانی موسڵمان، شەرعی بووە. هاوکات، چەوسانەوەی چینایەتیش قوڵتر بووە.

کاتێك، گەشەیان بە ئیسلام دا و قەڵمڕەوی ئیسلامیش، بەرینترین سەرزەمینی داگیرکرد، هاوکات لە رۆژئاوادا، دیموکراسی لەرێگەی رینیسانسەوە (سەردەمی راچەنین) ئەمجارە بۆ ئیتاڵیا پەریەوە؛ پێش زایین دیموکراسی لە یوناندا، نزیکی وڵێتانی عەرەبی بوو، لە رینیسانسیشدا، لەسەدەی پێنجەمدا، ئیتالیا، هاوەریای عەرەبە، بەهەموو حوکمێك، ئەگەر سەردەمی یونان، بەحوکمی ئەوەی هاتوچۆی دەریایی کەمتر بووەو ئاسان نەبوبێ پەیوەندی بازرگانی و کولتوری و سیاسی فراوان بکرێ، خۆ لەسەردەمی رینسانس و ئیتالیادا، نەك رێگای دەریایی و کەشتیوانی زۆر بوو، بەڵکو دۆزینەوەی کیشوەرەکانی جیهان و دەستبەسەراگرتنی وڵێتانیش دەستیپێکردبوو. کەچی، لەم سەردەمەی رینیسانسیشدا، هەتا سەرکەوتنی شۆڕشی پیشەسازی و دیموکراسیش لە سەدەی هەژدەهەم و دوای ئەوەش، کولتوری رینیسانس و فەلسەفەی دیموکراسی، کاریگەری لەسەر بنچینەی بیرکردنەوەی سیاسی- ئیسلامی دانەنا و خەلیفە و سوڵتانەکان، بە روالەت خواپەرست و شەریعەت سەپێنەر بوون، لە رەفتارو هەڵسوکەوتیشدا، هیچ میرو دەسەلێتدارێکی رۆژئاوایی، بەئەندازەی هەندێکیان، تاوانبارو هەوەسباز نەبون. کامە میرو پاشای رۆژئاوا، وەکو سوڵتان عەبدولحەمید، کۆشکەکەی (٣٦٥) ژوور بووەو لە هەر ژورێکدا، کەنیزەکێکی (١٥-١٦) ساڵی بۆ ئامادەکراوەو هەر شەوێك، چوبێتە لای کچێکیان و بنی پژاندبێ و چیکە نەچوبێتەوە لای. لەکوێی جیهاندا، نمونەی ئاوا هەیە؟ کام میر بەئەندازەی هارون رەشید، کەنیزەك و کوڕی لوسکە، لە کۆشکەکەیدا تەراتێنیان کردووەو هەوەسبازی و هاوڕەگەزبازی، گەیەندراوەتە لوتکەی سێکس و رابواردن؟ کام میرو پاشا، بەئاشکرا وەکو هەندێك لە دەسەلێتدارانی بەناو ئیسلام، هەتیوباز بوون؛ یاخود کەمترین دەسەلێتدارانی ئیسلام، وەکو پاشاکانی رۆژئاوا، لە تاوان و کۆکردنەوەی زێڕو سامانی وڵێتەکانیان، لەدەستکەوتەکانی جەنگ، درێغیان بۆ خۆیان نەکردووە؟

لەپێش رینیسانس، دەسەلێتداران و هەندێك لە خەلیفەکان، بۆ مااڵی دونیاو ژیانی دونیایی، خۆشگوزەرانی، جلۆبەرگ و خشڵ و تەلار نەخشاندن، رابواردن و راوکردن، کە هەموو ئەم مەسەلانە تەماح و ئارەزووی دونیایین، درێغیان نەدەکردو لەپێناوی بەدیهێنانی ئارەزوەکانیاندا، تێریان نەدەخواردو سڵیشیان لە خوا و پێغەمبەرو ئیسلام و دۆزەخ نەدەکردەوە، بەڵێم کاتێك فەلسەفەیەکی نوێ، یان ئەندێشەیەکی نوێ، یاخود بیرکردنەوەیەکی نوێی ئەقڵی پێچەوانەی رێبازی جەبری و نەقڵی، دەهاتنەگۆڕێ، بە زندیق و کافرو لەئیسلام لادان رەفتاریان لەگەڵ دەکردن و کوشتن و زیندان و ئەشکەنجەیان پێ رەوا دەبینن. هەربۆیە، بەشی زۆری پانتایی قەڵمڕەوی ئیسلام، یان کوشتن، یاخود سەرپێشۆڕکردن بووە بۆ زەکات و باج. ئیتر سەرپێشۆڕکراوان، جۆرەها ناوی وەکو (موالی) و (شعوبی) و (زندیق) و (ئاگرپەرست) و (موشرکین) یان لێنراوە. کە هەریەکە لەو تومەتانە، لە ئان و کاتی تایبەتیدا، مەرگی ناوادەی بەدواوە بووە.

رینیسانس، وەرچەرخانێکی کۆمەلێیەتی و هۆشیاریەکی مێژوویی بوو. ئەمەش لەبەرئەوەی رۆژئاوا، بازرگانی و چینی نوێی سەرمایەداری بەرهەمهێنا، زەمینەی رینیسانس و ئاینسازی و رۆشنگەری رەخساند. سەرەڕای دوژمنایەتی و درندایەتی هەتارادەی (٥) ملیۆن قوربانی لەسەردەستی دەسەلێتی کاسولیکەکاندا، رینیسانس و رۆشنگەری و سەرەنجام، دیموکراسیش، وەکو سیستەم سەرکەوت و پێشکەوت. واتا:

رینیسانس و ئینجا ئاینسازی و سەرەنجام رۆشنگەری، لە سێ سەدەدا بونە فەلسەفەی چینی نوێی سەرمایەداری دژی سیستەمی داوەشاوەی دەرەبەگایەتی- ئایینی و، پێکەوە، زەمینەی کۆمەلێیەتیان سازدا هەتا دیموکراسی، لە مەسەلەیەکی تیۆریەوە بگۆڕدرێ بە پێویستیەکی چارەنوسسازی سیستەمی نوێی حوکمرانی و کۆمەلێیەتی.

لەبەرئەوەی لە وڵێتانی ئیسلامیدا، لەسەردەمی رینیسانسیشدا، هێشتا بنەمای ئابوری و کۆمەلێیەتی لەقۆناغی سەدەکانی ناوەڕاستدا، مابوەوە، بەڵکو

چوار سەدە دوای ئەوەش، بۆیە، لە سەرهەڵدانی رینیسانسەوە هەتا سەرکەوتنی دیموکراسی، کەمترین کاریگەریان لەسەر بنچینەکانی دەسەڵتی ئایینی و هەر زۆر کەمتریش کاریگەریان لەسەر سیستەمی بیرکردنەوەی ئیسلامی ڕەسمی بوو. هۆی ڕاستەقینەی ئەم ڕاستییە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەرژەوەندی کۆمەڵێیەتی- دونیایی، زاڵتر بووە لە مەسەلە ڕوحی و کاریگەریە ئاینیەکان. باشترین بەڵگەشمان ئەوەیە، کە زاڵکردنی دەستکەوتە مادیەکانی دونیایی، لەزەمانی دوای پێغەمبەرەوە، سەرەتا لە ئایەتە مەدەنیەکانەوە، پاشان لە ئایەتەکانی ئەنفالەوە، ڕەچاوکراوە، هەتا دەگاتە سەر خودی خولەفای ڕاشدین و دوای ئەوەش، بەردەوامی وەرگرتووە. بەڵێ..

سەدان نمونەی مێژوویی، لەسەر بەرژەوەندی مادی و زاڵکردنی دەستکەوتی دونیایی بەسەر باوەڕی ڕوحیدا هەن. نەك نمونەی دەگمەن، یان ڕێکەوت، یان لادانی چەند دەسەڵتدارێك بەتەنها. بەڵکو زۆربەی هەرەزۆری دەسەڵتدارانی ئیسلامی. کاتێکیش، بەرژەوەندی مادی و دونیایی، دەبنە دیاردەو دەرکەوتەی کۆمەڵێیەتی و سیاسی و سەرانسەری مێژوو داگیردەکەن، ئیتر ئەمە بەڵگەیە کە بنچینەکانی ئەو بەرژەوەندیە- چینایەتییە- دەسەڵتداریێتییە- دونیاگەراییە، ئارەزو و خۆشی ژیانە، کە هەم لە خودی مرۆڤدا ڕەگتاژوو بووەو هەم بنەمای ئابوری و کۆمەڵێیەتیش دادەنێ. مرۆڤ کە هاتە سەر کاریگەریەکانی خودی خود، بە شەرعی و ناشەرعی، بەشێوەیەکی کاتیش بێ، باوەڕی ڕوحی ئیماندارەکانیش سڕ دەبێ و دەشبێتە بەشێکی خود، ئیدی لەو سات و کاتانەدا، بێخودی لە خودا، دەتوێتەوە.

لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەیە، یەکگرتویەکی ئیسلامگەرا، کاتێك دێتە سەر هەڵبژاردن، مەسەلە ڕوحیەکانی ئاین و مەزهەب، کەمتر لە مەسەلە دونیاییەکان، وەکو خەرجی زۆرترو پەیمانی دابینکردنی ژیانی دونیایی و مادی باشتر بۆ هەموان، دەتوانێ دەنگ بۆ یەکگرتوو کۆبکاتەوە.

ئەگەر یەکگرتوو، تەنها پشتی بە نوێژ و ڕێنوێنی زانایانی ئایینی ببەستایەو بیویستایە، تەنها بەو شێوە بانگخوازییە ڕوحییە، کێبەرکێی هەڵبژاردن بکات، سەخت بوو ئەو ڕێژە دەنگە بهێنێ کە هێنای. لەمەودواش، ژیان دەیسەپێنێ کە هێزە ئیسلامگەراکان، زۆرتر ڕەچاوی مەسەلە دونیاییەکان بۆ خەڵك و ناوخۆشیان بکەن. ئەگەر ئەزمونی ئاك پارتی تورکیا، هێشتا بەجوانی نەیگەیاندبێ کە ژیان بۆ خەڵك زۆر لە مەسەلە ڕوحیەکان گرنگترە. ئەوا ئەزمونەکانی میسرو تونس، ئەم ڕاستییەی باشتر بەرجەستەکرد.

(٥)

مەترسی قەیرانی ناوخۆ

لەبەرئەوەی ئەمیندار، لەگەڵ دەقی وتارەکەی ناکۆکە، بۆیە، دیسان پێویست دەکات بێینەوە سەر ئەو شانازیانەی پێشتر باسی کردبوون، لەسەر یەکگرتوو. لە شانازیەکاندا بەڕێزی دەڵێ:

١- سەلامەتە لە دەردودای کێشە دارایی و گەندەڵیە دارایی یەکان.

٢- سەلامەتە لەبواری ناوچەگەری و بنەماڵەچیەتی و تەکەتول بازی و باڵباڵێن.

٣- سەلامەتە لەبواری خەفەکردنی ئازادی ڕادەربڕین و ڕەخنەو ڕای جیاوازو لەبواری داخرانی فیکری و فیقهی دا.

٤- سەلامەتە لەبواری سەرگەردانی بیروڕاو پاشاگەردانی فیکری و بێسەرچاوەیی و عەودالی بێ ڕێنما «

کەچی کوت ومت بەپێچەوانەوە لەم پەرەگرافەدا، دەنوسێ:

«گواستنەوەی پرسی پەیوەندی دەعوەو سیاسەت وەك بریارێکی سیاسی و شیکردنەوەیەکی فیکری بۆ ئاستی خوارەوەی ڕێکخستن و سەرقاڵکردنیان بەو باسەوە کە نە ئەوان بەرپرسن لێی و نە لای ئەوان چارەسەر دەکرێ.

سەرنەکەوتنی کۆنفرانسی (مایسی/ ٢٠١٠) لە پێکانی ئامانجەکانی و بوونی بە سەرەتای کردنەوەی هەندێ کێشەو گرفت و بوونی بە رزقی ڕۆژنامەگەر و دڵخۆشکردنی ناحەزان کە ئەگەر بە سنگفراوانی و

حیکمەت ئیدارە نەکرایە ئەگەری قەیرانێکی ناوخۆیی لێ چاوەڕوان دەکرا «.

ئەم دوو بابەتە، زۆر ناکۆکن. لایەنێکی سیاسی، لە کۆنفرانسێکدا، لەسەر چەکەرەکردنی کێشەو گرفتە سەرەتاییەکان، مەترسی قەیرانی ناوخۆیی روی تێکردبن، ئاخر کاکی ئەمیندار بە چ هەقێکەوە، لە رێڕەوی باسەکەیدا، باسی پاشاگەردانی و سەرگەردانی لایەنەکانی تر دەکات، زۆرتریش باسی یەکێتی و پارتی، کە یەکێتی دوو تەمەنی یەکگرتوو، پارتیش سێ تەمەنی ئەوانی هەیە. یەکێتی و پارتی، ئەو هەموو کارەساتەو ئەو هەمگە بەرپرسیارێتیەو، تەواوی روداوەکانیان رووبەڕووبۆتەوە. ئەمە جگە لە شەڕی ناوخۆش و شەڕپێفرۆشتنی هێزە ئیسلامگەراکانیش بەهەردوولا، تایبەت بە یەکێتی. ئینجا هەتا ئێستایان هێناوەو زۆربەی دەستکەوتەکانیان بەدیهێناوە. بەو دەستکەوتەشەوە کە یەکگرتوو دامەزراو بوشە بە ئۆپۆزسیۆن و سەربەستانەش ئەم قسانەو هەزاران قسەی تریش دەکەن.

یەکگرتوو، بە گرفتێکی بچوکی ناوخۆیی، تەنگەنەفەسی قەیراناوی بووە. یەکێتی، بەو هەموو کێشەو شەهیدو شەڕو پیلانگێڕانانە، هێشتا، تازە تازە، پشت بەخۆی دەبەستێ و سەربەست لە هەڵبژاردن، لەم گۆڕانکاریانەدا، گۆڕان بەسەر سیاسەتی رابوردوی خۆیدا، دێنێ. تەنانەت دەشیەوێ رێکەوتنامەی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتیش گەشەپێبدرێ.

هێزێکی سیاسی، لەناو کۆمەڵێکی هێشتا بێ ولێتی سەربەخۆ، وا زوو دوچاری قەیران ببێ، بەرونی دەیسەلمێنێ، بەرگەی ناکۆکی قوڵی ناوخۆیی ناگرێ. گەر رەوتێکی بچوکیش، لەناویدا، لەسەر بانگخوازی و سیاسەت، ئایە تەنها بانگخواز ئیسلامی بن، ئایە سیاسەت و بانگخوازی تێکەڵیو بکەن، ئایە هەر سیاسی بن، یاخۆ لەسەر ئایدیۆلۆژیەتی جیاواز پێ دابگیرێ، بەو پێوەرە بێ کە ئەمیندار باسی دەکات، بیرکردنەوە جیاوازەکان دوچاری جیابونەوەیان دەکات.

لەدرێژەی ئەو قسانەدا، زیاتر باسی کێشە ناوخۆییەکانیان و باسی زەنگی ناوچەگەری بەشێکیان دەکات و ئاوەها رونیدەکاتەوە:

«لە پێکهێنانی حکومەتی مەرکەزیدا لەساڵی (٢٠١٠) بۆنی سەرهەڵدانی هەناسەیەکی ناوچەگەری بەدی کراو هەوڵی ئیستغلالی درا بە مەرامێکی تایبەت و بەئاراستەی تێکدانی یەکریزی و تۆکمەیی ناو ماڵی یەکگرتوو، بەڵێم خۆشبەختانە سەرکردایەتی حەکیمانەو بە سنگفراوانی ئابڵۆقەی حاڵەتەکەی دا و بەکەمترین زیان بەڕێی کردو لەبازنەیەکی بچوکدا قەتیسی کردو پلانی هەیە بۆ ڕێگرتن لە ئەگەری دوبارەبوونەوەی. «

ئەم پەرەگرافەش، سەراپا ناکۆکە لەگەڵ ئەو پەرەگرافەی پێشتر، کە بەم شێوە بێگەردە باسی یەکگرتوو دەکات و لەو شوێنەدا کە باسی سەلامەتی و شانازی یەکگرتوو روندەکاتەوە، دەفەرموێ: **«سەلامەتە لەبواری ناوچەگەری و بنەماڵەچیەتی و تەکەتول..»** تاد.

کە سەلامەتە لەبواری ناوچەگەری، ئەی ئەوە چۆنە ئەمیندار باسی (هەناسەی ناوچەگەری) و (مەرامی تایبەتی) و (ئاراستەی تێکدانی یەکریزی) دەکات؟

خۆ ئەوانەی ویستویانە ناوچەگەری بکەن، لەئاسمانەوە دانەباریون، هەر رۆڵەی ئەم کۆمەڵەن و لەشوێن و شارەکانەوە بۆ ریزەکانی یەکگرتوو رێکخراوون.

بەندە، ئەم کێشانە لە کوردەواریدا بە ئاسایی دەزانم. بەڵکو ململانێ و جاروبار جیابونەوەش هەتا ئێستاش، ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوە. هەر لەم ساڵێنەدا، لەناو بزوتنەوەی ئیسلامی جیابونەوە بوو (کۆمەڵی ئیسلامی دروستکرا) جوندولئیسلامیش هێنرانەئارا؛ لەناو یەکێتیی نیشتمانیدا، بزوتنەوەی گۆڕان جیاکرایەوە. لەناو حیزبی زەحمەتکێشان، زەحمەتکێشانیان کرد بە دوو بەشەوە. لەرۆژهەڵێتی کوردستان، دیسان حیزبی دیموکراتی کوردستان، جیابونەوە. کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بونەتە چوار بال، دوانیان کوردستانی و دوانیان ئێرانی. لەرۆژئاواشدا، دونیای سیاسەت، ئێستاش هەروایە. دیارە لەپاڵیشیا، یەکگرتن و یەکخستنیش لەناو حیزبەکاندا، بەردەوام هەبوەو هەیە. ئەم دیاردانە ئاساییں لەسیایەتدا.

بەلێم پیاهەڵدانی رۆمانسی، بۆ هێزێکی سیاسی لەناو کۆمەڵێکی دواکەوتودا، کارێکی نامۆیە لە سیاسەت و حیزبایەتی. بەم سیاسەتە کە ئەمیندار، خۆی بە نەرم ونیان دەنوێنێ، مەترسیەکی گەورەی نابوتکردنی نەیارانی ناو یەکگرتوو، پەیرەودەکرێ. سەرکوتکردن و نابوتکردن، دوو دیوی دزێوی دژە دیموکراسین، بە دوو ئاراستە جیاوازی سیاسیدا. سەرکوتکردن، لەرێگای تووندوتیژیەوە، نابوتکردنی نەرم ونیانیش، لەرێگەی مەزهەب و شەرعەوە. هەمیشە، ئاین و مەزهەب و شەریعەت، گەر بە نەرمیش پەیرەوکرابێ و روحی زۆرینەی کۆیلە کردبێ، کاریگەری خەتەرناکتری لەسەر رێگرتن لە کرانەوەی ئەقڵ و جیاوازی بیرکردنەوە هەبووە. گەورەترین کارەسات، تەنها لەوەدا نییە، دەستەبژێرو داهێنەرانی بیری ئازاد زیندان بکرێن و لەناوببرێن، کارەساتی لەوە گەورەتر ئەوەیە، بە مەزهەب و شەریعەت، لە قۆناغە جیاوازەکاندا، لەناو روداوە چارەنوسسازەکاندا، لە رووبەڕووبونەوەی دیاردەو دەرکەوتە نوێکان و گۆڕانکاریەکاندا، ڕێ لە کرانەوەی ئەقڵ و ئازادی ئەقڵ و بریاری ئەقڵیانیەت بگیرێ.

هەژمونگەری مەزهەب و شەریعەت، بە نەرم و نیانیش رۆچێنرێ، روحی زۆرینە دەستەمۆو ئەقڵی زۆربە خەفەبکرێ، ئەمە سیاسەتی تۆتالیتاریتی روحییە. سیاسەتی زیندانیکردنی ئەقڵی زۆرینەیە لەناو کۆت وبەندی فەزای مەزهەب و شەریعەتدا. هەربۆیە، لەمێژوودا، ئاینسازی لە ئەڵمانیاداو رۆشنگەری لە فەرەنسادا.. وەکو درێژەپێدەری پەیامی رینیسانس لە ئیتاڵیادا، بونە پرۆسەیەکی مێژوویی ئازادی و دیموکراسی؛ کوت ومت لەبەرئەمەشە، مۆدێرنێتە، وەکو بەرجەستەکەرەوەی هاوچەرخی پەیامە مێژووییەکەی رینیسانس و ئاینسازی و رۆشنگەری، سەرەڕای لادان و بادانی گەلێك لە ئەندێشمەندانی سەردەمی دادیزمی دوای جەنگی یەکەم، پاشان سوریالیزم، ئینجا هایدگەری دژی ئەقلێنیەت، پاشان سەرهەڵدانی فێرگەی فرانکفۆرت لەدوای جەنگی دووەم و جڵەوی رەخنەگرتنەدەست لەلایەن (هۆرکهایمەر) و (ئەدۆرنۆ) وە.

پاشان، رۆشنگەری، بە رەخنە جیاوازەکانەوە، هەردەم لە رۆشنگەرکردنی ئەقڵ و رزگارکردنی ئەقڵ و روناکردنەوەی کون و کەلەبەرە تاریکەکانی ئەقڵ، لە خورافاتی سەدەکانی ناوەڕاست بەردەوام بووە. ئەنجامە زانستیەکەش ئێستا بەوە کەوتۆتەوە، کە مۆدێرنێتەی رەخنەگرانە، بەردەوام درێژەی بدرێتێ. بەمەش پرۆسەی رەخنەگرتن لە کەموکوریەکان لە چۆنیەتی زیندووهێشتنەوەی مۆدێرنێتە، هەتا هاوزەمانی پرۆسەی دیموکراسی، دوا پەیامەکانی بەدیبێنێ، بەردەوام بێ.. هابرماس پێشەنگی ئەم رێبازە هەتا ئێستاش ماوەتەوە. مۆدێرنێتەش.. دەرکەوت زۆری بەبەرەوە ماوە. نەك وەکو حیکایەتێکی گەورە، کۆتایی هاتبێ.. هەروەکو دەیان فەیلەسوف و بیرمەند بانگەشەیان بۆ کۆتایی مۆدێرنێتە دەکردو باسی سەردەمی پۆستمۆدێرنێتەی فەلسەفی و سیاسیان دەکرد. بروانن لەدوای زیاتر لە نیو سەدە لە سەرهەڵدانی فێرگەی فرانکفۆرت و رەخنەگرانی پۆستمۆدێرنێتە، ساڵەهایە چۆن، ئالیەهەڵگرانی پۆستەکان، پاشەکشەیان کردوەو ماکی راستەقینەی مۆدێرنێتەی بەردەوام، بە رەخنەلێگرتنەوە بەردەوامە. لەمبارەوە ئاماژە بەم دەقە نایابە دەدەین کە نوسەرەکەی دەڵێ:

بیروڕاو تێزەکانی یورگن هابرماس، ئاخرین و گرنگترین پێشەنگەکانی فێرگەی رەخنەگرانەی فرانکفۆرت، کە ئێستا یەکێکە لە گرنگترین فەیلەسوف و بیرمەندانی رەخنەگرانەی کۆمەڵێیەتییە لەتەواوی رۆژئاوادا بەگشتی و لەئەڵمانیادا بەتایبەتی، بەپێی توانا هەوڵمان داوە گرنگترین روی تیۆرییە رەخنەگرانەکەی لەسەر مۆدێرنێتەو پۆستمۆدێرنێتە، کە دەبەستێتەوە بە کردەی ئەقلێنیەتی بەردەوام و لەبۆتەیدا گرنگترین نەخۆشیەکانی سەردەم لێکدەداتەوە، کە بۆ هێزە بیروکراتیە بالێدەستەکانی پەیوەندیەکانی کۆمەڵێیەتی دەیگێڕێتەوە، هاوکات پرۆژەی مۆدێرنێتەی تەواونەکراویش دەدۆزێتەوەو رەخنەش لە پێشەنگەکانی پۆستمۆدێرنێتەش کە گومانیان لە هەوڵی ئەقلێنیەتی ئومێدبەخش هەیە، کە ناکۆکی لەبری کۆکی دادەنێن، دەگرێ. متمانەی بە سروشتی ئادەمیزادو ئەقڵی رۆشنگەری بەردەوام،

زیاتر له پێشەنگەکانی پۆستمۆدێرنێتە هەیە.[٧]

مێژووی رینیسانس، هەتا دەگاتە مۆدێرنێتە، مێژوویەکە، هەزاران فەیلەسوفی هاوچەرخ و بیرمەندو بیردۆزی ئازادیخوازی بەرهەمهێناوە. بەهەمویان، گرنگترین ئەرکەکانی لەمێژوویان راپەراندووە، یەکێك لە ئەرکە گرنگەکانیان پرسیارە نەکراوەکانیان کردو بە لێکدانەوەی ئەقلێنی و لۆژیکی، وەلێمی زانستیان دۆزیەوە، هەر لەسەر ئەم میتۆدە زانستیانەش بەردەوام بون هەتا بە رەخنەی زانستی سامناکی ترسیان لەناو کولتوری کۆمەلێیەتی و پرۆسەی دیموکراسیدا نەهێشت و مۆتەکەی ترسی دۆزەخیشیان رەواندووە.

ترس و ترساندن.. بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ، بۆ ئازادی ئەقل، بۆ رەخنەی سەربەست، بۆ دژایەتی خورافات، بۆئەوەی ئەقل بکرێتە چەقی بیرکردنەوەی مرۆڤ و مرۆڤایەتی و مافی مرۆڤ، ترس و ترساندن، ترسناکترین دەسەلێتی دیکتاتۆریەتی دەرونین. ترسناکترین دوژمنی کرانەوەی ئەقل و ئەقلی داهێنەرن. ترس و ترساندن، بکوژی روح و گۆرستانی زۆرینەی خەلکن. ئەم ترس و ترساندنە، بەبێ پرۆژەیەکی رەخنەگرانەی بابەتی و ئەقلێنی، کە لە هەموو کایەکاندا، نەك هەر لە کایەی ئەدەبیدا، بەڵکو لە کایەکانی زانستە کۆمەلێیەتیەکاندا تێکرا، بەردەوام برەوی پێ بدرێ، مەحاڵە ئەقل ئازاد بکرێ.

هەتا پرۆژەی رەخنەگرتن لە ئەندێشەو فەلسەفەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، کێشەی پرۆسەی ئازادی راستەقینەی ئەقل، یەکالێنەکاتەوە، هاوسەنگی و ئاشتەوایی نێوان ئەقلی سروشتی و ئەقلیەتی میتافیزیکی، مەحاڵە. بۆ؟

چونکە، کولتورو سیاسەت و ئەندێشەی ئایینی- مەزهەبی- میتافیزیکی، گەورەترین و فراوانترین دەسەلێتی دینی و دونیایی لەمێژوودا هەبوو، مەبەست، دەسەلێت و کولتوری ئیسلامیە، لەو مێژووەدا، هەرچی توانایەکیان هەبوبێ، بۆ کۆیلەکردنی رۆح و رامکردنی ئەقل، لەوپەری بەکارهێنانی درندایەتی دەسەلێتەوە، هەتا قولترین رۆچونە روح و ناخی ئادەمیزاد، لەرێگەی کولتوری ترس و ترساندنەوە، لەم مێژووەدا بواریکیان لەبەردەم ئەقلی سروشتیدا نەهێشتۆتەوە، بەتایبەتی لەرۆژهەلێتدا بۆیە، هەتا ئەم کێشە قولەی نێوان ئەقل و نەقل، ساغنەکرێتەوە، مەحاڵە وەرچەرخانی کۆمەلێیەتی و سیاسی و شارستانی روبدات.

ئەقلێنیەتخوازەکان، دەبێ، بەتەواوی رەهەندەکانی ململانێوە، دابەزنە مەیدانی ساغکردنەوەی ئەقل لە خەیال. بۆ کۆتایی پێهێنانی دەسەلێتی رەهاو تۆتالیتاریەتی روحی و دەرونی. کە ئەم ململانێیە، وەکو رۆژئاوا، بەپێی تایبەتمەندیەکانی رۆژهەلێت، یەکالێی لێبراوانە کرایەوە، هەنگینێ، ژینگەی ئاشتەوایی مێژوویی لەنێوان ئەقلی زانستی و ئەقلێنیەتی دونیاگەرایی و ئەقلی ئایدیالیستی و ئەندێشەی میتافیزکی، ئامادە دەبێ.

رەخنەی زانستی، وەکو کایەیەکی مەعریفی راستەقینە، دەبێ کایەی هەموو کایە کۆمەلێیەتی و فەلسەفی و سیاسیەکان بێ. وەکو (شەب) پێویستە ئاوی لێلی شانە شێوێندراوەکانی مێشك، خاوێن بکاتەوە.

هەتا ترس و ترساندن هەژمونیان بەسەر دەرون و روح و بیرکردنەوەی زۆرینەدا، بمێنێ، کۆمەل هەر بەدواکەوتویی دەمێنێتەوەو گەلانیش هەر کۆیلەی بیری دواکەوتوی سەدەکانی ناوەڕاست دەبن. ئەمەش بەبێ کایەی مەعریفی هەمەلایەنەی رەخنە، هەرگیز نایەتەدی.

ئەگەر لەمێژووی رۆژئاوادا، فەزای ترساندنی ئایینی مەسیحیەت، هەژمونگەری لەدەستنەدایە، هەرگیز رۆژئاوا نەدەگەیشتە ئەم ئاستە پێشکەوتنەی ئێستای. کاتێك، دەسەلێتدارانی کەنیسە، هەستیان بە سەرەتای بیرکردنەوەی نوێ و نۆژەنکردنەوەی ئەقل کرد، ئەم هەستە هەرزوو، سالی (١٢٣٣) بۆئەوەی هەرچی زوترە، رێ لە کرانەوەی ئەقلەکان بگرن، بە بریاری (پاپا گرینوار)ی نۆیەم، دادگای پشکنین دامەزرا.

لەسەر دادگای پشکنین، زۆر باس هەن، لەسەر تاوان و درندەیەتیان. بەلێم لێرە من دەمەوێ، باسە دەرونیەکەی و هۆکارە روحیەکەی باسبکەم.

ئەم دادگایە، لە هەلومەرجێکدا دانرا، کە سیستەمی دەرەبەگایەتی گەیشتبووە سەرەتای کۆتایی، رەهەندەکانی ئەم پرۆسە سەرەتاییەش کاریگەری تەنها لەسەر دەسەلێتی دەرەبەگ و میرو

٧. **بروانە:** النقد بين الحداثة وما بعد الحداثة/ ابراهيم الحيدري/ دار الساقي/ الطبعة الاولى ٢٠١٢.

ژۆروستوکراتەکان نەبوو، بەڵکو لەسەر دەسەلێتی دینی و دونیایی مەسیحیەتیش هەبوو. لەبەرئەوەی ئایندەی ئەم سەرەتایەی گۆڕانکاریەکانیان خوێندبووەوە، پشکنینیان تەنها بۆ ئەوە دانابوو، کاریگەری ترس و ترساندنی ئایینی مەسیحی و مەزهەبی کاسولیکی، لەناو روح و ناخ و دەرونی خەڵکدا، بپارێزێ. پاپاو قەشە دەسەلێتدارەکان، باش دەیانزانی، ئەگەر ئەو ترسە بڕەوێتەوەو دەرون پاك بێتەوەو ئەقڵ ئازاد بکرێ، ئیتر هەژمونی ئاین و دەسەلێتی کەنیسە، نامێنێ. بۆیە، دادگای پشکنینیان دامەزراند، هەتا هەر لەسەرەتاوە، بلێوکردنەوەی بیری ئازاد و ئازادکردنی ئەقڵ، لەناو ئەو ئەقلێنە دەربهاون، کە باوەڕیان پێی هێنابوو. نەکا، تێکرای کۆمەڵ بتەنێتەوە.

ئەم دادگایە، زانیاری راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، بەبەڵگەو بە زمان لێدانی دراوسێش، ئەوانەیان دەگرت و دادگاییان دەکردن کە بەهەرشێوەیەك بووە، بیری نوێ لە هزرياندا، چەکەرەی کردبێ، یان نیگەرانی روحییان لا خولقابێ، یاخود لە سیاسەتی ئایینی کەنیسە دردۆنگ بوبن. واتا: دوو سەدە پێش سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ئاینسازی بەرابەرایەتی (مارتن لوتەر/ ١٤٨٣-١٥٤٦) دادگاکانی پشکنین دامەزراوەو لەو دوو سەدەیەدا دەیان هەزار کەسیان کوشت و سوتاند. دەیان زاناو بیرمەندیان لەناوبرد. لەوانە (جۆردانۆ برۆنۆ/ ١٣٧١-١٤١٥) (گالیلۆ)ش هەمان رۆژگار، لەژێر هەڕەشەی سوتاندن، بەڕواڵەت پاشگەزنەبوایە لەو دۆزینەوە هەرە پرشنگدارەی کە هەموو ئەستێرەکان بەدەوری خۆردا دەسوڕێنەوە، نەك بەپێچەوانەوە، ئەویش بەدەردی برۆنۆ دەبرا. کەچی دوای تێپەڕبونی (٣٠٠) سال بەسەر دادگاییکردنەکەیدا، کلێسای کاتۆلیك دانی بە تاوانی خۆی و بێتاوانی گالیلۆدا ناو پەشیمان بونەوە. بەمەشدا دەردەکەوێ، ئەقڵی زانستی گالیلۆ، سێ سەدە پێش ئەقڵی پاپاو کاردیناڵەکانی کەنیسە کەوتبوو.

پرۆسەی دادگای پشکنین، لە سەدەی سیانزەهەمەوە هەتا کۆتایی سەدەی حەڤدەهەم، چوار سەد سال بەردەوام بوو. بەلێم سەرەنجام، سەرەڕای کوشتن و لەناوبردنی هەزاران هەڵکەوتوو، تەنانەت دەوروبەری (٥) ملیۆن قوربانی هاولێتی، تەنها لەسەرئەوەی هزری نوێ لە ئەندێشەیاندا چرۆی کردبێ، یان پرسیاری نوێباویان لا دروست بوبێ، یان باوەڕیان گۆڕابێ، لەناوبران. بەلێم سەرەنجام، دادگای پشکنین و دەسەلێتی کەنیسە تێکشکان. ئەقڵ سەرکەوت. ڕەخنە سەرکەوت و ئازادی بیرکردنەوەو بیرکردنەوەی ویژدان چەسپی.

دادگای پشکنین، باشترین نمونەیە، کە کاتێك، هەژمونی کۆیلەکردنی ئەقڵ و رۆوحی مرۆڤ، لەرێگەی نەرمە سیاسەتی دەستەمۆکردنی ئەقڵ و ناخی مرۆڤەوە، کۆتایی دێت، ئیتر هانا بۆ دادگای پشکنین دەبرێ.. دادگایەك.. لەسەردەمێکدا، چاپەمەنیش نەبووە. تەنها هزر، هزرێکی نوێی لە ئەندێشەدا، موتوربەکردبێ، بە تاوان دراوەتە قەڵەم و سزاکەی کوشتن بووە. هەربۆیە، لای ئایینەکان، هەتا ئێستاش، ترس و ترساندن، کاریگەرترین چەك و چەقی ئەندێشەی کۆیلەکردنی مرۆڤن. لەڕاستیدا، گەر ترساندن، لە سیاسەتی ئایینە ئاسمانیەکان دەربهاوین و تەنها لەرێگەی جوانکاری روحیی و پاکسازی دەرونیەوە، ئایینەکان بانگخوازیان بکردایە، هەرگیزاوهەرگیز، ئایینە ئاسمانیەکان نەیاندەتوانی لە ئایینی ناوچەییەوە ببنە ئاینێکی جیهانگیری فراوان. تەنانەت بۆ ئایینی نیشتمانیش.

ئەو لایەنە سیاسیانەی سیاسەتی میانەڕەوی ئیسلامگەرا پەیرەودەکەن، لەبنچینەدا، ڕوحی مرۆڤ و دەرونی خەڵك، لەرێگەی پشاندانی دۆزەخ و ترس و ترساندنەوە، هەروا لەرێگەی فەلسەفەی تۆتالیتاری ئیسلامگەراو قفڵدانی دەرگای پرسیارکردنی ئەقڵەوە، مرۆڤ کۆیلە دەکەن. نەك لەرێگەی ڕەخنەلێگرتنی باوەڕە سەپێنراوەکانەوە، ئەقڵ بکەنەوە.

لاموایە، بەشێکی ئەو شانازی پێوەکردنەی ئەمیندار، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بڕیارەی کە بەشێوەیەکی کاتی، ئەمینداریێتی داوەتە بەڕێز (محەمەد فەڕەج) هەتا بڵێ، لەو ماوەیەدا، من یەکگرتوم بە پاکی و بێ کێشە تەسلیم بە کۆنگرەو ئەمینداری نوێ کردوە. لەمەشدا، پێشوەخت، زەمینە دەڕەخسێنێ، ئەگەر هاتو، کێشەکانیان لەسەر پەیوەندی بانگخوازی و سیاسەت، هەروا ناوچەگەری و ناکۆکییە جۆراوجۆرەکانیان، قوڵبونەوە، یان تەقینەوە، هەنگینێ بڵێ: من بەرپرسیار

نیم.

(٦)

سیاسەتی هەلپەرستی

ئەمیندار، زۆر شانازی بەوە دەکات کە لەناو دەوڵەتاندا، لەناو حیزب و جەمسەرەکاندا، یەکگرتوو هاوسەنگ و سەربەخۆیە. بێگومان سەربەخۆیی سیاسی، بۆ هەموو حیزبێك زۆر گرنگە. بەڵێم هەندێ جار، بەڵکو لە هەندێك جاریش زیاتر، هاوسەنگی لەسیاسەتدا ئاسان نییە. لە سیاسەتدا، نە راگرتنی هاوسەنگی بەڵگەی سەربەخۆبونەو، نە لایەنگری لایەکیش، سەربەخۆیی لەدەستدانە.

رەنگە بۆ یەکگرتوو، بەشدارینەکردنی شەڕی ناوخۆ، یان ماوەیەك لایەنگری نەکردنی لایەنێکی شەڕی ناوخۆ، سودی بوبێ. بەڵێم ئەمە ڕێژەییە. بۆ نمونە: یەکێتی بەحوکمی شۆڕش و بەرپرسیارێتیەکەی بۆ چەسپاندنی فیدرال و پاراستنی دیموکراسی، نەیدەتوانی بێلایەن بێ. بەڵکو هەردەبوو، لایەکی ناکۆکییە سەرەکیەکە بێ. ئەمە، مێژووی یەکێتی، فەلسەفەو سیاسەتی یەکێتی، هێزو ستراتیژی یەکێتی، لە قۆناغی وا هەیە، دەیسەپێنێ. هەروەها بۆ هێزی تریش، چ دینی و چ دونیایی، هەروایە. لەمبارەوە، ئەمیندار، بەبێ ڕەچاوکردنی ئەو پێوەرو ڕێسایە لە سیاسەتدا، کە قۆناغەکان، لەگۆڕاندان و ڕێساکان و ئەرکەکانیشیان لەگۆڕاندان، دەڵێ:

«هەروەك ئاماژەمان پێکرد پاراستنی هاوسەنگی و سەربەخۆیی بڕیارو بێلایەنی لە هاوکێشە ناوخۆییە حزبیەکاندا بەتایبەت لە ڕۆژانی شەڕی ناوخۆو دوو ئیدارەییدا یەکێك بووە لە سەروەری و شانازییەکانی یەکگرتوو، هەروەك فاکتەری سەرەکی بوو لە سەلامەتی ڕەوتی کارو کاروانەکەو دووچارنەبوونی لەو ململانێ سەختەدا «

چۆن حیزبێکی گەورە، ئەگەر خۆپارێزو هەلپەرست نەبێ! ئەگەر یاری بە جەمسەرەکانی ناکۆکیەکان نەکا!! ئەگەر تەنها بەرژەوەندی تەسکی حیزبەکەی لەبەرچاونەگرێ!!! چۆنچۆنی دەتوانێ لەناو هاوکێشە ناوخۆیی و ململانێی حیزبەکان و شەڕی ناوخۆ و لەکاتی دوو ئیدارەییدا، هاوسەنگی خۆی، بەبێئەوەی تۆزقاڵێك بەملاو مویەك بەولادا دایبشکێنێ، بپارێزێ؟ لەوەدەچێ، یەکگرتوو، لەئێستاوە، لەناو ململانێ و کێشمەکێشەکاندا، پەیڕەوی لە سیاسەتی پەرینەوە لە (سراط المستقیم) بکات! بۆیە ئەمیندار ئاوها پەرۆشی سیاسەتی هاوسەنگی عەیار (٢٤)ە. ئەم قسانە لەلایەن ئەمیندارەوە، باری یەکگرتوو لەسیاسەتدا قورس دەکات و نابێتە مایەی سەنگی زیاتر بۆی. چونکە، بەکردەوە یەکگرتوو ئەو بۆچونانەی نەسەلماندووە.

لەڕاستیشدا، یەکگرتوو، بەوشێوەیەی نەکرد کە ئەمیندار باسی دەکات. چونکە ئاشکرایە کە یەکگرتوو (١٩٩٦) بەلای ئیدارەی هەولێردا دایشکاند.. ئەویش لە هەلومەرجێکی خوێناوی ئەوتۆدا، کە داشکانەکە بەلای ئیدارەی هەولێردا، لەلایەکەوە، لەترسەوە بوو، لەلایەکی تریشەوە، ئەوکاتە، وایاندەزانی چیکە یەکێتی، وەکو هێزو حکومەت، نایەتەوە ناو هاوکێشەکە. ئەمانیش بە هەلیان زانی دەستکەوتیان هەبێ!! هەم پاڵنەرە ترسەکە، هەڵەیەکی گەورە بوو بۆ ئەو بڕیارەی داشکاندنیان بەلای ئیدارەی هەولێردا، هەم هەڵسەنگاندنیان بۆ شکستە کاتیەکەی ٣١/ی ئاب بۆ یەکێتی، تێنەگەیشتن بو لە سەنگ و تواناو کاریگەری یەکێتی، کە بەئاسانی دەتوانێ هاوسەنگی بگێڕێتەوە مەیدانەکە. دەبوایە یەکگرتوو زانیبای کە یەکێتی زەمینەی هاوسەنگی سیاسی و توانای سەرکەوتنی عەسکەریشی لەدەست نەدابوو.

کە یەکگرتوو، بەلای ئیدارەی هەولێردا دایشکاندبێ، ئیتر کامەیە، هاوسەنگیەکەی (نالێین سەربەخۆییەکەی).

سەیر ئەوەیە، هەروەکو مێژوو، بەشداریکردنی یەکگرتوی لەئیدارەی هەولێردا تۆمارنەکردبێ، ئەمیندار ئاوها دەنوسێ:

«بێگومان سەربەخۆیی بڕیارو هاوسەنگی پەیوەندیەکان و وابەستەنەبوون خۆڕاگری ویستووەو باجی لەسەر دراوە، مەحرومیەت و بێنازیمان کێشاوە.. ئەمە لەناو هەرێمداو لەنێوان دوو حزبی دەسەلێتداردا کە لەهەمانکاتدا دوو دەسەلێتی حزبین «

کام هاوسەنگی و.. کام خۆڕاگری و.. و کام باجیش؟ ئاخر کە چوبنە ناو ئیدارەی هەولێر، هاوسەنگ نەبون. کە جارێ دوو هەفتە بەسەر ڕوداوی ٣١/ی ئابدا

تێنەپەڕیبوو، بەشداری حکومەتەکەی هەولێرتان کرد، خۆڕاگر نەبون. کە بەشداریشتان کرد، وەزارەت و بودجەتان وەرگرت، کەوابێ، بونەتە شەریکە باج، نەك باجتان دابێ.

(٧)

حاڵەتی ئیسلامی و پەیوەندی «باش و هاوبیر»

لە درێژەی سیاسەتی (هاوسەنگی!) و (سەربەخۆیی) و (مەحرومیەت) و (باج دان) دا، مامۆستا سەلاحەدین دێتە ناو بازنەی پەیوەندی حیزبەکەیان و حیزبە ئیسلامگەراکانی تر. بەدەرونێکی هەتارادەیەك ئاسودەوە، بەمشێوەیە باسی دەکات:

«لەگەڵ حاڵەتە ئیسلامیەکەی هەرێمی کوردستانیش سوپاس بۆ خوا مێژوویەکی باشی پەیوەندیەکان و هاوبیرورایی هەیەو لەماوەی سالێنی رابردووشدا چەندین بازنەی هاوکاری و کاری هاوبەشمان لەگەڵیان بەتایبەت لەگەڵ کۆمەڵی ئیسلامی بووە، کۆتا بازنە ئەو وەرەقە هاوکاریەیە کە ئیمزامان کردو بەعەمەلی هەنگاوی جددی بۆ نزیکی لەگەڵ کۆمەڵ و سەرجەم ئیسلامیەکانی کوردستان ئەنجامبدرێ «

ئێمەش لەگەڵ مامۆستا، سوپاسی خوا دەکەین، هیچ نەبێ یەکگرتوو، وەکو هێزە دیموکراتەکان، پەیوەندی خراپی لەگەڵ هێزە ئیسلامگەراکان نییەو لەمبارەوە خوا هیدایەتی داون. بەڵێم لەراستیدا، یان لەرواڵەتدا، سیاسەتی یەکگرتوو لەگەڵ لایەنەکانی تری ئیسلامگەرادا، ئایە وایە؟

لەو مێژووەدا کە مامۆستا باسی دەکات، قسەیەکمان لەسەر پەیوەندی ئاساییان نییە. بەڵێم قسەمان لەسەر «پەیوەندی باش و هاوبیر»یان هەیە.

پەیوەندیەکە باش و هاوبیری بوایە، ئەی بۆ یەکتان نەگرتەوە؟ یەکگرتویەکی ئیسلامگەرای سونیگەرا، کۆمەڵێکی ئیسلامگەرای سونیگەرا، بزوتنەوەیەکی ئیسلامگەرای سونیگەرا، هەرسێ لایەنیش کۆن لە پانەڕێی ئیخوان موسلمینەوە، ڕێگایان گرتۆتەبەر. کوردن و لە کوردستانیشن. یەك خواو یەك قورئان و یەك سوننەتیش هەیە. هاوشەریعەتیشن. دەی، جگە لە مەسەلە دونیاییەکان، چ لێکدانەوەیەکی جیاوازتان بۆ دەق و گرفتێکی روحیتان لەناودا هەیە، کە یەکناگرنەوە؟ خۆ ناشێ لەسەر ڕەنگی بەرماڵ و ڕێژەی زەکات، جیابوبنەوە. تەنها تەماحی دەسەلێت و پلەوپایەو دەستکەوتی دونیاییە، ئێوەی لەیەك جیاکردۆتەوە.

بەم چەند هێزیەی هێزە ئیسلامگەراکان، جوانتر لەو ڕاستیانەی پێشتر تاوتوێمان کردن، دەردەکەوێتەوە کە:

هێزە ئیسلامگەراکان، زۆرتر، بەرنامەی دونیایی کردونی بە حیزب. حیزبیش، خاوەن هەر جیهانبینیەکی میتافیزیکی یان ماتریالیستی بێ، مادام حیزبایەتی و سیاسەت دەکات، کەواتا: دەسەلێت ئامانجێتی. بەرژەوندی هاندەرێتی. لەپێناوی دەسەلێت و بەرژەوندیەکانیش، دەکەوێتە ململانێ و هەر بەرژەوەندیەکانیش وایانلێدەکات، لەسایەی خوداوەندو، لە هەڵدانەوەی ئایەتەکان و، لە میتۆدی لێکدانەوەی سوننەتدا، ڕێچکەی جیاواز بدۆزنەوە، هەتا پاساوی بەرژەوەندیەکانیان بهۆننەوە. ئەگەر وانەبێ، ئاخر خوای تاك و تەنها، چ پێویستی بە دامەزراندنی چەندین حیزب و چەندین بەرنامەیە، لەکاتێکدا، بەرنامەی خوداوەند قورئانەو دوا پەیامبەریش موحەمەدە.

یەکگرتوو، چەند پەیوەندی سیاسی باشی لەگەڵ هێزە ئیسلامگەراکانی تردا هەبێ، بەڵێم مادام یەکیانەگرتۆتەوە، هۆیەکەی، بەزۆری بەرژەوەندییە دونیاییەکانە. باشترین بەڵگەش، ئەوەیە کە:

وەکو یەکناگرنەوە، ناشتوانن بەرەیەکی سیاسیش پێکەوە بنێن. قیروسیا لەمەش، تەنانەت لیستی هاوبەشیشیان بۆ هەڵبژاردن پێ گەلێڵەناکرێ. دەی.. یەکگرتویەك لەگەڵ هاومەزهەب و هاوئاینەکانی، نەتوانێ یەکبگرێتەوە، نەتوانێ بەرەیەکیان لەگەڵ پێکبێنێ و نەشتوانێ پێکەوە بە لیستی هاوبەشیش لەهەڵبژاردندا، دابەزن، ئیتر ئەمیندار، بە کام «هاوبیر» و «باشی» ئیسلامیەوە، دەچێتە دیوانی خواو سوپاسی دەکات لەسەر پەوەندی باشی خۆیان و هێزە ئیسلامگەراکانی تر؟! خوا ئاگای لە خشەی مارو مێروو، ئەم پاکانەو پاساوە، لەم پەرش وبلێویەی هێزە ئیسلامگەراکان، ناخوا!!

هاوسەنگی شیعەو سوننە

تێگەیشتین، هەرچی چۆنێك بووە، یەکگرتوو لەگەڵ هێزە ئیسلامگەراکاندا، پەیوەندی باشی هەیە، بەڵێم لەمەی خوارەوە پێویستمان بە قوڵ بیرکردنەوە هەیە، هەتا تێبگەین یەکگرتوو، چۆنچۆنی (باشترین پەیوەندی هەیە). مەسەلەکەش ئاوهایە:

«بەتایبەت لەگەڵ دوو دەوڵەتی گەورەی خاوەن نفوزو بەرژەوەندی لە عێراق و هەرێمدا (تورکیاو ئێران) باشترین پەیوەندیمان پاراستووە بە باشترین شێوازی پەیوەندی.. خۆشبەختانە لەهەر دوو ولێت بەدرێژایی تەمەنی یەکگرتوو نوسینگەی پەیوەندیمان بووەو ئاستی پەیوەندیەکانمان پاراستووەو فاکتەرو هاوکارێکی باشیش بوین بۆ راگرتنی سەلامەتی ئەو پەیوەندیانە لەگەڵ هەرێمی کوردستان و ئەزمونەکەیدا

پەیوەندی ئاسایی، تێدەگەین. بەڵێم باشترین پەیوەندی و باشترین شێوازی پەیوندی.. قورسە تێیبگەین.

ئێران؛ کۆمارێکی ئیسلامی شیعە مەزهەبی ولایەتی فەقیەیە. تورکیا ولێتێکی ئێستا (ئاك پارتی = پارتی دادو گەشەپێدان) حاکمێتی. پێشتر حیزبی عەلمانی و عەسکەر دەسەلێتدار بون و یەکگرتوش، هەر پەیوەندی باش بوو لەگەڵیاندا (بەپێی ئەم قسەیەی ئەمیندار خۆی) باشە لەم هەموو ئالۆگۆڕەو سیاسەتی جیاوازی ئیقلیمیە، یەکگرتوو، چۆن دەتوانێ هاوسەنگیەکە رابگرێ؟ لەکاتێکدا، ئەم حیزبە:

- دەسەلێتی بەدەستەوە نەگرتووە.
- ناوچەی گەورەی سنورەکانی بەدەستەوە نەبووە.
- چاڵە نەوتی نهێنی و ئاشکرای بەو ولێتانەوە نەبەستۆتەوە.
- کۆمپانیای زەبەللاحی هاوبەشی لەگەڵیاندا دانەمەزراندووە.

کە هیچی ئەو مەسەلانە، لەگۆڕیی پەیوەندیەکانیان نەبێ، ئاسان نییە، ئەگەر هۆیەکی کاریگەری تر ئەو پەیوەندیانە نەبەستێتەوە، بتوانرێ بەوشێوەیەی یەکگرتوو (باشترین پەیوەندی و شێوازی پەیوەندی) لەگەڵ دوو ولێتی تەواو ناکۆك لەرووی سیاسی و ئابوری و مەزهەبیەوە، ببەسترێ؛ حاڵ لە دوو حاڵ بەدەر نییە: یان ئێران لە سیاسەتی یەکگرتوو رازییە، یاخود یەکگرتوو لە سیاسەتی ئێران رازییە. ئەمەش، بەڵگەیەکی دیکەیە کە یەکگرتوو، بۆ بەرژەوەندی دونیایی، وەکو هێزێکی ئایینی- سونیگەرایی، هەم لەگەڵ هێزە سکولاریستەکاندا هاوکاری دەکات و هەم لەتەك دەوڵەت و هێزی شیعەش. هەروەها، لەتەك ولێتانی رۆژئاوای مەسیحیش. خوا کەریمە بۆ هی تریش!

لێرەدا، بەپێویستی دەزانم بڵێم: ئەوەتانێ، یەکگرتوو ئەم هەموو پەیوەندییە جۆراوجۆرەی بە حیزبەکان و دەوڵەتانەوە هەیە، توانای عەسکەری و حکومەتیشی نییە، کەچی سەربەخۆیی خۆیشی، وەکو ئەمیندار دەڵێ، پاراستووە. کەوابێ:

پەیوەندیکردن، سەربەخۆیی نادۆرێنێ. مەرجیش نییە حیزبێك پەیوەندی لەوجۆرەشی نەبێ، سەربەخۆیش بپارێزێ.

٢٠١٣/٤/٦

فەرهەنگۆکی دەستەواژەکان:

١- جەبریەکان: ملکەچپێکردن و بێویستکردنی مرۆڤ دەگەیەنێ. تەنانەت باوەڕیان بەوە بووە کە ناردنی پێغەمبەرانیش بێهودەیە.

٢- نوسەیریەکان: باوەڕیان بە بنەمای پێنجینەی ئیسلام نەبوو. ئافرەتیشیان وەکو بونەوەرێکی پیس تەماشادەکرد، کە تەنانەت، ئیماندارییشیان پێ رەوانەدەبینی.

٣- عەلەویەکان: باوەڕیان بە بنچینەکانی عەقیدەی ئیسلام نییە. کتابی پیرۆزیان بەناوی (هەفتی شەریف) هەیەو پێیانوایە، هەر ئیمامێك گیانی خوای دەچێتەبەرو سەرەنجام دەشبێتە خوای سەر ئەرز.

٤- سەبەتیەکان: باوەڕیان بەوەیە خودا دەخزێتە خودی مرۆڤەوەو سیفەتەکانی خواش بە غەیرە بونەوەرەکان دەچوێنن.

٥- حلولیەکان: خوایان لە (المقنع) بەرجەستەکردو خوای تاکیان رەتکردەوە.

٦- ئیسماعیلیەکان: باوەڕیان وایە خودا لە ئیمامەکاندا تێخزاوەو بەرجەستەیە. بەتایبەتی (١٢) ئیمامی شیعە.

٧- تەناسخیەکان: بە زاراوە (دوناودۆن) باوەڕ بون بە گواستنەوەی روح لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی دیکەو باوەڕیان بە قیامەتیش نییە.

٨- بەیاتیەکان: پێیانوابوو خوا لە (بیان بن سمعان) دا بەرجەستە بووە.